Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080301

# پەرەسەندنە سیاسییەکان لە کەلار و دەوروبەری لە ساڵانی (1958- 1961)دا

صباح علي سليمان          دلشاد محمود عبدالرحمن

بەشی مێژوو – کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر

**Article Info**

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

**Keywords**

کەلار، بەگزادەی جاف، حیزبی شیوعی،پارتی.

**Corresponding Author**

[illegible]

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر بەشێك لە مێژووی کەلار و دەوروبەری لەپاش شۆڕشی (14ی تەمووزی 1958)، لەپێشەکیەك وسێ تەوەر پێکهاتووە ،تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ باس کردنی بارودۆخی سیاسی کەلار لە سەردەمی شۆڕشی (14ی تەموز)، تەوەری دووەم تایبەتە بە چالاکیەکانی حزبی شوعی، هەرچی تەوەری سێیەمیشە باس لەگەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی (1903 – 1979) دەکات لەسۆڤیەت و چالاکبوونی پارتی لەکەلار و دەروبەریدا . کەلار وەك ناوچەکانی تر کەوتنە ژێر کاریگەریی پێشهاتە سیاسییەکان لەپاش ڕاگەیاندنی سیستەمی کۆماری، کە بنەماڵەی بەگزادەی هۆزی جاف لە سنوورەکەدا نەمان و روویان لە ئێران کرد.

لە کەلار و دەوروبەریدا خەڵکی ڕۆژانە لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە پشتگیرییان لە عەبدولکەریم قاسم و شۆڕش کردووە، سەرئەنجامی ئەم دۆخە خۆی لەدوو بەرەدا بینیوەتەوە، کە ئەوانیش بەرەی حیزبی شیوعی و پارتی بووە، کە هەردوو حیزب بۆ ڕێکخستنەوەی ئەندام و لایەنگرانیان دەستیان بە بارەگاکردنەوە کردووە. لە کەلار بارەگای (شبیبە)ی سەر بەحیزبی شیوعی و بارەگای (خەبات)ی پارتی بە شێوەیەکی چالاك کەوتوونەتە چالاکی نواندن و خەڵکیان لەدەور کۆبوەتەوە.

ململانێی بەردەوام لەنێو ئەندام و لایەنگری هەردوو حیزبدا لە کەلار و دەوروبەریدا سەری کێشاوە بۆ ململانێی چەکداری . لەپاش ئاڵۆزبوون و تێکچونی پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتەکەی قاسم بارەگاکانی پارتی داخراون و ئەندام و لایەنگرانی ئەو حیزبە دەستگیرکراون، ئەمەیش بووەتە هۆی هاتنە ئارای دۆخێکی تازە، کە شەڕی نێوان هەردوولای لێکەوتوتەوە.

## پێشەکی

کەلار و دەوروبەری لە رووداوە مێژووییەکاندا نەخش و رۆڵی هەبووە،لەم توێژینەوەدا تیشک دەخەینە سەر بەشێك لە مێژووی ناوچەکە لە پێشهاتە سیاسییەکان لە ماوەی ساڵانی (1958- 1961)دا، وەك ئاشکرایە لەپاش شۆڕشی (14ی تەمووزی 1958)، ناوچەکە گۆڕانکاری خێرای بەخۆیەوە بینی، بە تایبەت دوای راگەیاندنی سیستەمی کۆماری، کە بوو بە هۆی هێنانە ئارای سەردەمێکی تازە، کەلار و دەوربەری لەم رووەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی رووداوەکان.

ئەم توێژینەوەیە لەم پێشەکییە و سێ تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تیشك دەخاتە سەر پێشهاتە سیاسییەکان لە عیراق و کاریگەری لەسەر کەلار و دەوروبەری، کە ئەمیش بۆ سەر دوو باس دابەشکراوە، باسی یەکەم تەرخان کراوە بۆ پێشهاتەکانی پاش شۆڕشی (14ی تەمووز) لە کەلاردا. باسی دووەم تیشك دەخاتەسەر بەجێهێشتنی کەلار لە لایەن بنەماڵەی بەگزادەی جاف و رۆڵیان لە ئێراندا. تەوەری دووەم تایبەتکراوە بۆ باسی چالاکییەکانی حیزبی شیوعی لە کەلار و دەوروبەریدا لەگەڵ بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی جیهانی لە ناوچەی شێروانەدا. هەرچی تەوەری سێیەم و کۆتاییشە، تیشکی خستوەتە سەر پێشهاتە سیاسییەکانی پاش گەرانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە سۆڤێیەت و چالاکبوونی پارتی لە سنووری کەلار و دەوروبەریدا، پاشتر بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین کە لە کۆتاییدا خراوەتەروو.

ئەم توێژینەوە بەشێکی وەرگیراوە لەنامەی ماستەر کە پشتی بە چەندان سەرچاوەی جۆربەجۆر لە (بەڵگەنامە، کتێب، گۆڤار، رۆژنامە و چاوپێکەوتن) و چەندان سەرچاوەی تر بە زمانە جیاوازەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فارسی) بەستوە و لە ئاستەنگ و کەموکوریش بەدەر نیە، بە تایبەت لەوەی کە زۆر بە کەمی لەسەر ئەم ماوە مێژووییەی کەلار نووسراوە، سەرباری دەرهاویشتەکانی پەتای کۆرۆنا کە وایکردووە بە ئاسانی دەستمان بە سەرچاوەکان نەگات، بەڵام بە هەرحاڵ لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی زانستی و پشت بەستن بە میتۆدی مێژوویی، ئەم توێژینەوەیە توانیویەتی پێشهاتە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە، بە شێوەیەکی ورد و زانستییانە شرۆڤە بکات.

**تەوەری یەکەم: کەلار و بەرپابوونی شۆڕشی (14ی تەمووزی 1958) لە عیراق**

گەشەی زیاتری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە، هاوکات بەرپابوونی شۆڕشی (23ی تەمووزی 1952)ی میسر بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر (1918- 1970) و چەندان هۆکاری تری دەرەکی (الزبیدي، 1981، ص37). هاوتەریب لەگەڵ هۆکارە ناوخۆییەکان، کە خۆی لە دۆخی خراپی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەبینییەوە، بە تایبەت کارەکانی نووری سەعید (1888- 1958)، کە سەرکوتی چالاکییە سیاسییەکانی دەکرد و ئازادییە مەدەنییەکان بەرتەسکبوونەوە و بیرۆکراسیەت لە بەڕێوەبەردنی کاروبارەکاندا زیادی کردبوو، بوون بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز (Dann, 1969, p. 8). بەرپابوونی شۆڕشی یۆلیۆ لە میسر، لە لایەن ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە، بوو بەهۆی هاندانی ئەفسەرانی عیراق بۆ دامەزراندنی لێژنەی ئەفسەرانی ئازادیخواز لە عیراق و هەوڵدان بۆ کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی پاشایەتی (خەیاڵی، 2021، ل217). بەپێی بەڵگەیەکی بریتانی، کە لە لایەن باڵوێزی ئەو وڵاتەوە لە (14ی تەمووزی 1958)دا، ئاراستەی وەزارەتی دەرەوە کراوە، تێیدا هاتووە: "لە بەربەیانییەوە لە عیراق رژێمی پاشایەتی رووخاوە و کۆماری عیراق راگەیەنراوە" (الاعظمي، 1989، ص13).

بە راگەیاندنی کۆماری لە عیراق بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم (1914- 1963)، سەردەمێکی نوێ دەستیپێکرد. شۆڕشگێڕان کاتێك بە دەسەڵات گەیشتن، رووبەڕووی چوار ئەرکی نوێبوونەوە، ئەوانیش بریتیبوون لە پاراستنی (یاسا و ئاسایش، پەیامی شۆڕش) و پێکهێنانی حوکمەتێکی نوێ و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی رژێمی پێشوو (Dann, 1969, p. 33). سەرکردایەتی شۆڕش، ئەنجوومەنی سەروەری (مجلس السیادة) بە سەرۆکایەتی محەمەد نەجیب روبەیعی دامەزراند (الوقائع العراقیة، 1958، ص2)، کە یەکێك لە ئەندامەکانی کورد بووە بەناوی خالید نەقشبەندی (1916- 1962). پاشتر کابینەیەکی وەزاری بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم پێکهات و دەستووری کاتی عیراق راگەیەنرا، لە دەروازەی یەکەمی ئەم دەستوورە کاتییەدا هاتبوو: "عەرەب و کورد لەم وڵاتەدا هاوبەشن و مافەکانیشیان لە چوارچێوەی خاکی عیراقدا پارێزراو دەبێت" (الزبیدي، 1981، ص225- 233).

پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان ئەو دەمە لە عیراقدا هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کورد بەگەڕخستبوو، لایەنگری زۆری لە ناوچە کوردییەکانی وەك سلێمانی و هەولێر و کەرکوکدا هەبووە (Dann, 1969, p.40). کورد بە هەموو شێوەیەك کەوتە پشتیوانی لە کۆماری عیراق و ئەمەیش بەهۆی ئەوەی کە دەیویست لە سایەی کۆماری عیراقدا بە مافەکانی بگات و لەگەڵ عەرەب لەم نیشتیمانەدا پێکەوە بژین (سەجادی، 2005، ل347). چەند شاندێکی کورد بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد لە (27ی تەمووزی 1958)دا، لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم کۆبونەتەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا قاسم بە ئامادەبووانی راگەیاندووە: "کورد و عەرەب لەم نیشتیمانەدا هاوبەشن، پێوستە خوێنیان تێکەڵاو بێت بۆ پاراستنی". ئەو شاندانەیش کە چووبوونە بەغداد بۆ سەردانی عەبدولکەریم قاسم، لەم شارانەوە بوو: سلێمانی، هەولێر، کەرکووك، رەواندز، چەمچەماڵ، کفری و خانەقین (پێش کەوتن، 1958، ل1 ؛ طالباني، 1970، ص181).

**باسی یەکەم: کەلار و دەوروبەری لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزدا**

پێش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز، لە سنووری کەلاردا، هۆشیاری لە لایەن چین و توێژەکانەوە، بە تایبەت کرێکارانەوە گەشەی کردبوو. لە ساڵی (1957)دا لە ئەنجامی ناکۆکییەك لە نێوان داوود بەگی جاف- ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران و کۆمپانیای ولیم پرێسی ئینگلیزی کە سەرپەرشتی دروستکردنی رێگای جەلەولا- دەربەندیخانی دەکرد لەسەر دابینکردنی ئۆتۆمبیل بۆ ئیشوکارەکانی ئەو رێگایە هاتەئاراوە و سەباحی کوڕی نووری سەعیدی سەرۆك وەزیرانیش هاتە ناو کێشەکەوە، ئەمەیش بوو بەهۆی راگرتنی (توقیف) داوود بەگی جاف لە پۆلیسی قەزای کفری، سەرئەنجام مانگرتنی کرێکارانی ئەو سنوورەی لێکەوتەوە، کە ژمارەیەك داخوازیبان هەبوو، لەوانە: زیادکردنی کرێی رۆژانە و دابینکردنی هۆیەکانی هاتوچۆ بۆ کرێکاران و ئازادکردنی داوود بەگ. لە ئاکامدا داوای کرێکارە مانگرتووەکان

جێبەجێکرا و کرێکارانیش مانگرتنەکەیان شکاند و گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان (الطالبانی، 2010، ص86-88). ئەمەیش بە یەکەم مانگرتنی کرێکاران دادەنرێت لە سنووری کەلاردا.

دانیشتوانی کەلار و دەوروبەی لە ڕێگای رادیۆوە هەواڵی رووخانی رژێمی پاشایەتی و راگەیاندنی کۆماری عێراقیان زانیوە، ئەو دەمە جۆرە رادیۆیەك لە کەلار و دەوروبەری کارپێکراوە و خەڵکی سوودیان لێبینیوە و هەواڵ و زانیارییەکانیان لێوەرگرتووە، کە بە (رادیۆ پاتری) [1] ، یان بە زمانی رەمەکی خەڵك بە رادیۆی (کەر و جاش) ناسراوە. لالە فایەق وەك شایەتحاڵێکی ئەو دەمەی کەلار باس لەوە دەکات کە خەڵکی کەلار و دەوروبەری لە ڕێگای رادیۆوە بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەموزیان زانیوە و هەواڵەکەیان پێگەیشتووە (کەماڵەیی، 2020، چاوپێکەوتن). هەروەها بەشێکی تری هاووڵاتیان، لە ڕێگەی رادیۆی ماڵی عوسمانی حەسەن خدر (1925-1986)هوە، گوێبیست بوونە کە شۆڕش روویداوە و لەناو خەڵکی کەلاردا باس لەوە کراوە کە مەلیکی بچکۆلەکە (فەیسەڵی دووەم)، کە ساڵی (1954) هاتوەتە کەلار کوژراوە و خەڵکی بە شادمانییەوە هەواڵ و رووداوەکانیان شەنوکەو کردووە (حەمۆمین، 2020، چاوپێکەوتن). لە گوندەکانی دەوروبەریش بەهەمان شێوە لە ڕێگەی رادیۆوە خەڵکی هەواڵی بەرپابوونی شۆڕشیان زانیوە. لە گوندی ژاڵەی حاجی قادری نزیك کەلاریش هاووڵاتیان و ئەندام و لایەنگری حیزبی شیوعی بەهەمان شێوە لە ڕێگای رادیۆوە ئاگاداری بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز بوونە، لێرە بەدواوە شوعییەکان ترسیان نەماوە و بە ئاشکرا کەوتنە دەربڕینی خۆشی و شادی (شاتری، 2020، چاوپێکەوتن). هەروەها لە گوندی شاکەلیش بەهەمان شێوە لە ڕێگای رادیۆوە گوێبیستی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز بوونە، وەك دەرکەوتووە خەڵك ئەو دۆخەیان پێخۆش بووە و ئەو گۆڕانەیان پێ باش بووە و لە رووخسارياندا هەست بە شادمانی کراوە (شاکەلی، 1997، ل58).

کەلار جیاواز لە گوندەکانی دەوروبەری خێرا بەپیری گۆڕانکارییەکانەوە چووە، ئەمەیش بەهۆی بوونی قوتابخانە، کە پێشتر لە ساڵی (1931)هوە کرابووە و کاریگەری لەسەر ئاستی هۆشیاری خەڵکەکەی هەبووە. بوونی بەگزادەی جافیش، کە خاوەن زەویوزار بوون، وایکرد خەڵکی ئەم دۆخەیان پێخۆش بێت و هەوڵ بدەن خۆیان ببن بە خاوەن زەوی. هاوکات وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، لە خودی کەلار دۆست و لایەنگری حیزبی شیوعی هەبوون. هەموو ئەمانە بوون بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە خۆپیشاندانی پشتگیری لە شۆڕش و عەبدولکەریم قاسم بکرێت. خەڵکەکە بە شێوەیەکی عەفەوی بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکان دەکرد (مەحموود، 2020، چاوپێکەوتن). ئەم دۆخە بەدڵی خەڵکی بەگشتی و جووتیارانی کەلار بە تایبەت بووە، بەشداریی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد، چەپڵەیان بۆ وەدەرنانی دەرەبەگ و ئاغاکان لێدەدا و پشتگیریی شۆڕشیان دەکرد (وەلی، 2017، ل8).

لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشەوە، لە کەلار و دەوروبەری ڕۆژانە ئاهەنگ و خۆپیشاندان رێکخراوە، خۆپیشاندان ببووە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی. هاووڵاتیان لەبەردەم مزگەوتی گەورەی کەلار کۆدەبوونەوە، لەوێوە خۆپیشاندان دەستی پێدەکرد و بە کۆڵانەکاندا دەچوونە بەردەم ماڵی بەگزادەکانی جاف. بەم شێوەیە ڕۆژانە ئەم رێپێوان و خۆپیشاندانانە بەڕێوە دەچوو، زۆرجار لە کەلار (ئەحمەدی فەتاحی رۆستەم) [2] کادر و ئەندامی حیزبی شیوعی، پێشەنگ و پێشڕەوی خۆپیشاندەران بووە. لەو خۆپیشاندانەدا چەندان دروشم دەوترایەوە، کەسێك دروشمەکانی بە دەنگێکی بەرز ئاراستە دەکرد و ئەوانی تر بەدوایدا دەیانگوتەوە، لەو دروشمانەی کە لە خۆپیشاندانەکانی کەلاردا دەوترایەوە: "باران باری تەڕمی کرد عەبدولکەریم سەوزەی کرد، کورد و عەرەب برایە بۆ جمهوری فیدایە، بڕوخێ دەرەبەگ، کاکە کەریم بۆ پێشەوە ریشەی ئاغا بکێشەوە جبهة جبهة وطنية لا اقطاع ولا رجعية، ماکو زعيم الا کريم، عاش الزعيم عبدالكريم شعب العراق شعب العظيم..." بەم شێوەیە بە وتنەوەی ئەم دروشمانە خۆپیشاندان بەردەوام بووە. هەندێك جار خەڵکی دەرەوەی کەلاریش بەشدارییان تێدا دەکرد، بە تایبەت کەسانی هۆزەکانی گوندەکانی دەوروبەر. هەندێکجار خۆپیشاندانەکان گرژی تێدەکەوت و چەندان دروشمی نابەجێ لە لایەن بەشێك لە خۆپیشاندەرانەوە دەوترانەوە (شاکەلی، 1997، ل59-60).

لە بەشێك لە گوندەکانی دەوروبەری کەلاریش بەهەمان شێوە ئاهەنگ و خۆپیشاندان بە بۆنەی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە سازدراوە، لە گوندی ژاڵەی نزیك کەلار، بەهەمان چەشن خەڵکی لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە ڕۆژانە پشتیوانییان لە شۆڕشی چواردەی تەمووز کردووە، لەو گوندە بەهۆی بوونی حاجی قادری شاترییەوە، کە وەك دەرەبەگێك تەماشاکراوە، هاووڵاتیان چوونەتە بەردەم ماڵەکەی. لە گوندەکانی ئەم سنوورەیش ڕۆژانە رێپێوان کراوە و چەندان دروشم وتراوەتەوە، یەکێك لە دروشمەکان کە لە لایەن هاووڵاتیانەوە دەوترایەوە ئەوە بووە: "هێزەکەمان هێزی گەلە، هێزی جووتیار و رەنجبەرە، ئاغا..."، لە گوندەکانی نزیك کەلار، وەك: (بیە رەش، قولەبەرز، عیسایی و.. هتد)، کە بە سنووری ناحیەی باوەنور و پێباز ناسراوبوون، خۆپیشاندانی ڕۆژانەی بەخۆیەوە بینیوە و پێشەنگی ئەم خۆپیشاندانانەیش هەریەکە لە: مەلا سلێمانی زەماوەنگە، سۆفی عەبدولقادری قولەبەرز و حەسەنی حاجی قادری شاتری بوونە (شاتری، 2020، چاوپێکەوتن).

داوود بەگی جاف و شەوکەت بەگ لە ڕۆژی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزدا، لە بەغدای پایەتەخت بوونە، وەك دەردەکەوێت ترسیان لە کاردانەوەکان هەبووە، هەربۆیە بۆ ڕۆژی دواتر، بە یاوەری شێخ عەتای تاڵەبانی لە بەغداوە هاتوونەتەوە بۆ کفری و پاشتر گەیشتوونەتەوە کەلار (طالبانی، 2010، ص90). لە کەلار چەندان کەس کاریان بۆ بنەماڵەی بەگزادە دەکرد کە ئەمانە بە سەرکار (وەکیل) [3] ناسراون، لەو وەکیلانە دەتوانین ئاماژە بە چەند کەسێك بدەین لەوانە: شێخ ئەحمەدی شاکەل، کە وەکیلی کەریم بەگی جاف بووە (دەککەیی، 1986، ل84). ئەم وەکیلانە زۆرجار لە لایەن جووتیارانەوە گلەییان لێکراوە، ئەمەیش بەهۆی هەڵسوکەوتی خراپیان (نەریمان، 1994، ل79). حەمەی وەلی یەکێکی تر بووە لە وەکیلەکانی بنەماڵەی بەگزادەی جاف، لە ماوەی ساڵانی (1955-1958) لە گوندەکانی دەوروبەری کەلار، سەرکاری مستەفا بەگی جاف بووە، لەپێش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز بەگزادەکان ژمارەیەك لە هاووڵاتیان لەگەڵیان بوون و کاریان بۆ کردوون یان لێیانەوە نزیك بوونە، بەرپابوونی شۆڕش لە بەرژەوەندی ئەمانیش نەبووە (وەلی، 2017، ل5).

ماڵی بەگزادەکان لە کەلار زۆرترین جار لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە پەلامار دەدران، چونکە خەڵکی ئەوانیان بە دەرەبەگ و دۆستی بنەماڵەی مەلەکی

دەزانی، کە خۆپیشاندەران دەگەیشتنە بەردەم ماڵەکانیان، دەرگاکانی ئەوانیان بەردباران دەکرد، ئەوانەی ئەو کارەیان ئەنجام دەدا چەند مانگ پێش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز نەیاندەتوانی بە شێوەیەکی ئارام بچنە بەردەم ماڵی بەگزادەکان یاخود لە دیوەخانی ئەواندا دابنیشن. لە لایەن هەریەکە لە (ئەحمەدی فەتاحی رۆستەم، شێخ عەتای تاڵەبانی)هوە کاتێك خۆپیشاندەران جارێکی تر دەگەڕانەوە بۆ بەردەم مزگەوتی کەلار دەست بە وتار خوێندنەوە دەکرا، لە وتارەکاندا زۆرتر جەخت لە باسکردنی شۆڕش و بایەخدان بە کۆمەڵانی خەڵکەوە دەکرا، کە ئەو باسانە زۆرتر دەبوونە هۆی جۆشدانی هەستی خەڵکەکە. هەر لە خۆپیشاندانەکاندا، سروودی (عبدالكريم قاسم كل القلوب تهواك) جێگەی سروودی (مليكنا مليكنا نفديك بالارواح)ی گرتەوە، سروودی (هەر بژی کورد و عەرەب نیشانەی خەبات) یش دەوترایەوە. لەنێو منداڵانی کەلار و گەرمیانی ئەو دەمەیشدا، وێنە و میدالیای عەبدولکەریم قاسم و کۆتری ئاشتی دەکرایە یەخەدا و منداڵان بەو میدالیا و وێنانە دڵخۆش دەبوون (شاکەلی، 1997، ل59- 60).

لە کەلار و دەوروبەری وەك زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان و عیراق، خاوەن پێگە و دەرەبەگی تێدا بووە، کە ئەوانیش بەگزادەی جافن. بەگزادەی جاف خاوەن زەویو زاری کەلار و دەوروبەری بوون. جگە لەمانیش چەندان بنەماڵەی دیکە لە سنوورەکەدا هەبوون، بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز لە بەرژەوەندییان نەبووە، لە سەردەمەکانی پێشوودا، زۆربەی زەویە رێپێدراوەکانی دەورەبەری کفری بە تاپۆ کەوتە دەستی سەرۆك هۆز و بنەماڵەی دەوڵەمەند و خاوەن پێگەکان، لەوانە: بەگزادەکانی جاف، بنەماڵەی بابان و تاڵەبانی، سەییدەکانی کفری و شێخەکانی شاکەل (عزیز، 2015، ل74). بەگزادەی جاف لەپێش بەرپابوونی شۆڕشی (چواردەی تەمووزی 1958)دا، وەك یەکێك لە گەورەترین خاوەن موڵك لە عیراق ناویان هاتووە، کە لەسەر ئاستی هەرسێ لیوای (سلێمانی، دیالە و کەرکووك)دا خاوەنی (539333) دۆنم زەوی موڵك بوونە (بطاطو، 1995، ص81). بەگزادەکانی جاف لە ناوچەی گەرمیانیشدا گەورەترین موڵکدار بوون، لەپێش شۆڕشدا تەنها لە سنووری هەردوو ناحیەی (قەرەتەپە و شێروانە)دا خاوەنی (200) هەزار دۆنم زەوی پشتاو و (12) هەزار دۆنم زەوی بەراو بوون، بەڵام پاشتر لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە، بەهۆی هەردوو قانوونی ژمارە (30)ی ساڵی 1958 و قانوونی ژمارە (117)ی ساڵی 1970، لە 85%ی زەوییەکانیان لە دەستدا، ئەوەیشی کە مابووە بەپێی قانوون بەکرداری بە دەستیانەوە نەما (عزیز، 2015، ل79- 80).

خۆپیشاندانی رۆژانە و کەفوکوڵی خەڵکی و شەڕەدار و بەردی نێو هاووڵاتیان سەرئەنجام ئاراستەی بەرەو دوو لایەن کێشا، ئەوانیش ئاراستەی یەکەم کە خۆی لە بەرەی خۆپیشاندەراندا دەبینییەوە کە پاشتر لە لایەن حیزبی شیوعییەوە کۆنترۆڵکران. هەروەها ئاراستەی دووەم کە بەشێکی نزیك بووە لە بنەماڵەی بەگزادەوە، لە بەرەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا خۆی بینیەوە. بەم شێوەیە لە رۆژگاری پاش شۆڕشی چواردەی تەمووزدا، هەردوو حیزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، توانیان ئەندام و لایەنگری خۆیان لە کەلاردا پەیدا بکەن و ململانێ و چالاکی ئەو دوو حیزبە لە کەلار و دەوروبەریدا پەرەی سەندووە (شاکەلی، 2020، چاوپێکەوتن). لە دەرئەنجامی شۆڕشی چواردەی تەمووزدا بەگزادەکانی جاف لە کۆتایی ساڵی (1958) و سەرەتای ساڵی (1959) ناچار بوون کەلار بەجێبهێڵن، سەرەتا بەرەو شاری خانەقین دواتر بۆ ئێران دەست بە کۆچ بکەن (دارا داوود بەگ، 2020، چاوپێکەوتن).

**باسی دووەم: جێهێشتنی کەلار لە لایەن بەگزادەکانی جافەوە**

لەپێش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز، (12) ماڵی بەگزادە لە کەلاردا نیشتەجێبوونە، ماڵە بەگزادەکان بریتیبوونە لە: (داوود بەگ، شەوکەت بەگ، حەمەسەعید حەمەبەگ، مەحموود رەزا بەگ، خالد رەزا بەگ، مستەفا کەریم بەگ، تایەر ئەحمەد بەگ، عەلی رەزا بەگ، عەلی کەریم بەگ، مەحبوبەی خێزانی رەزا بەگ، خورشیدە خان و حەمەئەمین بەگ) (شاکەلی، 2012، ل179 ؛ مەحموود، 2020، چاوپێکەوتن).

بەگزادەکانی جاف لە دەرئەنجامی بەردەوامیی خۆپیشاندانی هاووڵاتیانی کەلار و لەدەستچوونی بەشێکی زۆری زەویوزارەکانیان هەروەها لەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییان، ناچار بوون لە سەرەتای ساڵی (1959)دا دەست بەجێهێشتنی کەلار و دەوروبەری بکەن سەرەتا بۆ شاری خانەقین و پاشتر بۆ هەریەکە لە بەغدادی پایتەخت و خاکی ئێران، وەك دەردەکەوێت وڵاتانی رۆژئاوا و دراوسێی عیراق ترسی ئەوەیان لێنیشتبوو کە عیراق و حکومەتەکەی قاسم ببێتە حکومەتێکی سۆسالیستی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەربۆیە باڵوێزخانەی ئەمەریکا و ئێران لە بەغدا کەوتبوونە جموجۆڵ، جوڵەی ئەو دوو دەوڵەتە بە شێوەیەکی نهێنی بوو بەهۆی هاندانی سەرۆك هۆزەکانی کوردستان، کە عیراق جێبهێڵن و بچنە ناو خاکی ئێرانەوە، لە ماوەیەکی کەمدا، ئەم سەرۆك هۆزانە چونە ناوخاکی ئێرانەوە: داوود بەگ لە هۆزی جاف، شێخ رەشیدی لۆلان لە هۆزی برادۆست، ئاغای میراودەلی لە هۆزی پشدەر، ئەوڕەحمانی حەمە رەشید ئاغا، هەموو ئەمانە لە لایەن ئێرانەوە رێزی زۆریان لێنراوە (پشدەری، 1992، ل132). بارودۆخی پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز بوو بەهۆی ئەوەی لە (بەهاری 1959)دا، نزیکەی (12) هەزار کەس[4] بچنە ناوخاکی ئێران و ببنە پەناهەندە. هەریەك لە داوود بەگ و سەرانی هۆزی شەڕەفبەیانی و تاڵەبانییەکان چوونەتە کرمانشا (Arfa, 1966, p.132).

عەبدولکەریم قاسم هەوڵی داوە کە داوود بەگ لە عیراق بمێنێتەوە و لەگەڵیان هاوکار بێت، هەربۆیە لە کەرکوك بۆ ئەو مەبەستە داوود بەگ دیداری عەبدولکەریم قاسمی کردووە، بەڵام داوود بەگ وتویەتی: "من بەڵێنم دابوە پاشای عیراق و تۆ پاشات کوشتوە، هەر بۆیە عیراق بەجێدەهێڵم"، پاشان داوود بەگ لە رێگەی نوسراوێکەوە، داوا لە محەمەد رەزاشا (1919- 1980)ی شای ئێران دەکات وەك پەناهەندە لەو وڵاتە وەری بگرن. ناسیاوی شای ئێران وداوود بەگ بۆ ساڵی (1953) دەگەڕێتەوە، کە شا سەردانی عیراقی کردووە و داوود بەگ وەك شاندی عیراق پێشوازی لێکردووە، داوانامەکەی داوود بەگ لە رێگای قەسری شیرینەوە ئاراستەی شای ئێران کراوە و پاش وەڵامدانەوەی داوود بەگ بڕیار دەدات بچێتە وڵاتی ئێران (لۆلۆ، 2020، ل21- 22)، لە رێگەی چوونیان بۆ ئێران، لەگەڵ هێزێکی چەکداری بەرگری میللی لە خانەقین تووشی شەڕ دەبن و ژمارەیەك کەس لە هەردوولا کوژراون، بەڵام بنەماڵەی بەگزادە بەبێ زیان دەگەنە ئێران (جاف، 2016، ئەنتەرنێت).

داوود بەگی جاف و عەلی ڕەزا بەگ و مینە جاف دەچنە ئێران، لە کرمانشا وەك پەناهەندە بە ماڵەوە دەمێننەوە، بەڵام پاشتر هەریەکە لە عەلی ڕەزابەگ و مینە جاف دەگەڕێنەوە بۆ عیراق (جاف، 2021، چاوپێکەوتن). داوود بەگ لە کرمانشا لە لایەن کەسایەتی هۆزەکان و کاربەدەستانی ئێرانەوە ڕێزی لێدەگیرێت، لەوێ ئەمیر ئیحتیشامی- سەرۆکی گۆران دەبێتە دۆستی داوود بەگ و هاوکاری و دۆستایەتی لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت (لۆلۆ، 2020، ل18)، لە کرمانشا لە جافەکانی جوانڕۆ و زەهاو هەریەکە لە کوێخا مەحموود و کوێخا حاتەم سەردانیان کردووە، لەگەڵ بەگزادەکانی وەڵەدبەگیشدا دۆستایەتی هەبووە. هەروەها دۆستایەتی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانیش لە سەرەتاوە خۆشبووە، بەڵام کە خەڵکی زۆر سەردانی ماڵەکەیانی کردووە، لە لایەن دەزگای ساواکەوە خراوەتە ژێر چاودێرییەوە، لەو ڕووەوە ئاگاداریان کردوەتەوە کە ماڵەکەی وەك بارەگای لێهاتووە (دارابەگ، 2020، چاوپێکەوتن). هۆکارەکانی چوونی داوود بەگ بۆ کرمانشا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە لایەك ئاگاداری ڕووداوەکانی عیراق و کوردستان بێت، لە لایەکی تریش لە خزم و کەسەکانییەوە نزیك بێت (جاف، 2016، ئەنتەرنێت).

ئەو ماوەیەی داوود بەگی جاف لە ئێران بووە، هاوکات بووە لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان چ لەسەر ئاستی کوردستان چ لەسەر ئاستی عیراق. لە (ئەیلولی 1961)دا شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان هەڵگیرساوە و لەم ڕووەوە مەلا مستەفای بارزانی (1903- 1979)، ویستویەتی لە ڕێگەی داوود بەگەوە، بە مەبەستی هاوکاریکردنی شۆڕشی ئەیلول، پەیوەندی بە شای ئێرانەوە بکات. لەسەروبەندی شۆڕشی ئەیلولدا مەلا مستەفای بارزانی نامەیەک بۆ داوود بەگ دەنووسێت و تێیدا داوای لێدەکات پێوەندی بەشای ئێرانەوە بکات بەمەبەستی یارمەتیدانی شۆڕشی کورد و دەستەبەرکردنی پشتگیریی حکوومەتی ئێران بۆ ئەو شۆڕشە. داوود بەگیش لە دیدارێکیدا لەگەڵ شا ئەو داواکارییە دەخاتە بەردەستی و لێی دەخوازێت کە پاڵپشتی شۆڕشی کورد بکات، بەڵام شا بە بیانووی ئەوەی گوایە بارزانی هەواداری کۆمۆنیستە، ئەو داوایەی لاپەسەند نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دیدارە لە قۆناغی داهاتوو هاوکاری و هەماهەنگیی بەرچاوی بەخۆوە بینی لەنێوان حکومەتی ئێران و شۆڕشی کورددا (جاف، 2020، چاوپێکەوتن). جەلال تاڵەبانی (مام جەلال) (1933- 2017) باس لەوە دەکات بە ماوەیەکی کەم کە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسابوو، مەلا مستەفای بارزانی بە مەبەستی هەماهەنگی و هاوکاری، پەیوەندی بە ئێرانییەکانەوە کردبوو، بەڵام نازانێت ئەو پەیوەندییە لە ڕیگەی کێوە بووە (ڕەشید، 2017، ل304).

کاتێك لە ساڵی (1964)دا، لێکترازان و ناکۆکی لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوویداوە و باڵی مەکتەبی سیاسی ئاودیوی ئێران دەبن، بەشێکیان ڕوویان لە داوود بەگی جاف کردووە و ماڵەکەی وەك بەرەگای باڵی مەکتەبی سیاسی لێدێت. لە سەرکردە دیارەکانی ئەو باڵە، ئیبراهیم ئەحمەد (1914- 2000) وەك میوان لە کرمانشا لە ماڵی داوود بەگدا ماوەتەوە، هەر ئەمەیش وایکردووە لە لایەن دەزگای ساواکەوە بخرێنە ژێر چاودێرییەوە و ئەو بڕە هاوکارییە ماددییەی بە داوود بەگ دەدرا، بۆ ماوەی هەشت مانگ لێی بڕن. بڕینی ئەو هاوکارییە ماددییە، بووەتە هۆی خراپی بارودۆخی ژیانی داوود بەگ و خانەوادەکەی و لە ڕووی ئابوورییەوە کاریگەریی لەسەریان داناوە. پاش ئەم ڕووداوانە، لەسەر داوای شای ئێران داوود بەگ لە ساڵی 1965هەوە، ڕوو لە تارانی پایتەخت دەکات (لۆلۆ، 2020، ل22).

لە تارانیش جارێکی تر ماڵەکەی داوود بەگ و کوڕەکانی دەبێتە جێگەی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. هەر لە تاران کوڕەکانی داوود بەگ پلە و پۆستی باڵا لە دەوڵەتی ئێرانی سەردەمی شادا وەردەگرن. سەردار جاف [5] لە ماڵەکەی خۆیدا لە تاران، دیدارێك لە نێوان مام جەلال و پاشکۆی سەربازیی باڵوێزخانەی عیراق سازدەدات. لەو دیدارەدا، مام جەلال بە نیگەرانییەوە باسی هەڵوێستی عیراقی کردووە و بە کونسوڵەکەی وتووە: "زیندانی نوگرە سەلەمانی عیراق بە باشتر ئەزانم لەوەی لە ئێران بمێنمەوە" و هەرئەمەیش وایکردووە، کە کونسوڵەکەی عیراق ئەو هەڵوێستە بە ئەوپەڕی نیشتمانپەروەری بزانێت (ڕەشید، 2017، ل307). هەر لە ڕێگەی سەردار جافەوە بووە مام جەلال توانیویەتی لە ئێران ببێتە خاوەنی پاسپۆرت، ئەویش لە ڕێگەی باڵوێزی عیراق لە کابوڵ- جەلال بەگی حامد بەگی جاف (1923- 2001)، پاسپۆرتی بۆ دەرهێنراوە و توانیویەتی ڕوو لە وڵاتانی ئەوروپا بکات (ڕەشید، 2017، ل303).

داوود بەگ لە تاران بەهۆی نەخۆشی لە (27ی ئایاری 1966) کۆچی دوایی کردووە، ڕۆژنامەی (خاك وخون)ی ئێرانی بە گرنگییەوە لە هەواڵی کۆچی دوایی دوواوە، بە ناونیشانی (لەدەستدانی کەسایەتییەکی بەناوبانگی کورد :فقدان یك شخصیت بزرك کرد)دا مردنەکەی بڵاوکردوەتەوە (خاك وخون، 1345، ص3). لە مەراسمێکدا پاشتر تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ کەلار و بەخاك سپێردراوە. سالاری کوری داوود بەگ (1944- 1979)، توانی لە ئێران لە هەریەکە لە پارتەکانی (پان ایرانیسم، ایران نوین) ڕۆڵ بگێڕیت و پاشتر لە ساڵی (1975)دا بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی شورای میللی وەك نوێنەری شاری پاوە (جاف، 2016، ئەنتەرنێت). بەڵام لە (5ی ئاداری 1979)دا، لەپاش شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بە تاوانی کوشتنی هاووڵاتیان گوللەباران کراوە (کیهان، 1357، ص2 ؛ همکاران، 1391، ص18).

**تەوەری دووەم: چالاکی حیزبی شیوعی لە کەلار و دەوروبەریدا و بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی لە ناوچەی شێروانەدا (1959)**

لە شارەکان و گوندە گەورەکاندا پاش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958، دەستبەجێ کۆمیتەکانی بەرگریکردن لە کۆماری تازە دامەزراو، کە بەشەقام و کوچەکاندا دەسوڕانەوە بۆ بەرگریکردن لە دروشم و بەرنامەکانی شۆڕش پێکهات. لەم کۆمیتانەدا هەموو چین و توێژەکان لە کرێکاران و جووتیاران و ڕۆشنبیران بەشداریان کردووە و ناوچەی کفری بە کەلاریشەوە لەم چوارچێوەیەدا بووە (طالباني، 2010، ص91)، لە ئاکامی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەموزدا، لە کەلار و دەوروبەریدا ڕۆژانە بەشی زۆری چین و توێژەکان بەشداریی خۆپیشاندان و ڕێپێوانیان کردووە،

بەشی زۆری ئەم چالاکییانە لە لایەن ئەندام و لایەنگرانی حیزبی شیوعییەوە ئاراستە دەکراوە و حیزبی شیوعی لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشەوە زۆر چالاکانە دەستی بەسەر خۆپیشاندانەکاندا گرتووە و بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتونەتە چالاکی و ڕابەرایەتی بەرەی چەپیان لە دژی ئاغا و دەرەبەگەکان کردووە (شاکەلی، 2020، چاوپێکەوتن).

حیزبی شیوعی لە ناوچەی کفریدا پێش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز، بە شێوەیەکی نهێنی کاری حیزبایەتی دەکرد، بەڵام دواتر بە ئاشکرا

کەوتە چالاکیی کاری ڕێکخراوەی و توانی دەستبەسەر بەشێکی نارەزاییەتیەکاندا بگرێت و ئەندام و لایەنگری زۆری بۆ پەیدا بوو. لە کەلار بەشی زۆری تیرەی عەمەڵە لە هۆزی جاف بەهۆی ئەحمەد فەتاح ڕۆستەم (1929- 1974) لە ریزەکانی حیزبی شیوعیدا کەوتنە چالاکی و بوونە ئەندام و لایەنگری ئەو حیزبە (فەتاح، 2020، چاوپێکەوتن). شێخ عەتای تاڵەبانی [6] لە کەلار و دەوروبەریدا، ڕۆڵی گرنگ لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شوعیدا دەگێڕێت و کۆبوونەوەکان و چالاکییەکان لە ڕێگەی ئەحمەد فەتاح ڕۆستەمەوە ئەنجام دراوە. لە کەلار لەپاش دامرکانەوەی نارەزاییەتیەکان و جێگیربوونی دۆخەکە، چەندان کەس چوونەتە ریزەکانی حیزبی شیوعییەوە (شاکەلی 2020، چاوپێکەوتن).

لێژنەی کفری- حیزبی شیوعی بە گەرمی دەستیان بە کاری ڕێکخستن کردووە لە سنوورەکە، کە بریتیبووە لە کۆبوونەوە بە هاووڵاتیان و ئەندامەکانیان، هەروەها ڕوونکردنەوە سەبارەت بە بەرنامە و پەیڕەوی حیزب لەگەڵ پەخشکردنی بڵاوکراوەکانی حیزبدا، کە لەو ماوەیەدا دەردەچوون و دەگەیشتنە لێژنەی ناوچەی کفری، بە تایبەت (طریق الشعب). وەك دەردەکەوێت، لەپاش شۆڕشی چواردەی تەمووز لایەنگر و ئەندامی حیزبی شیوعی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب لایەنگران بڕێك پارەیان داوە بە ناوی یارمەتی، بەڵام ئەندام بەپێی پلەکەی دەبوو ئابوونە بدات (جەوهەر، 2020، چاوپێکەوتن). هەر دوای شۆڕش لێژنەی ناوچەی کفری بە شێوەیەکی ئاشکرا پێکدەهێنرێت و چەند کەسێك ڕۆڵیان هەبووە لە کار و چالاکییەکانی لێژنەکەدا، لەوانە: ئیبراهیم حاجی فەتاح، مەلا عەزیز عەبدولڕەحمان دوانزە ئیمامی، سەعید جەعفەر و حەمید مورتەزا لە قەرەتەپە (طالباني، 2010، ص93).

بەم شێوەیە لێژنەی کفری حیزبی شیوعی دەستی بەکار کردووە لە سنوورەکەدا. توانراوە لە گوندەکاندا، جووتیاران لە کۆمەڵەکانی جووتیاراندا ڕێکبخرێنەوە و هەوڵەکانیان زۆرتر بۆ شیکردنەوە و ناساندنی ئامانج و بەرنامەکانی شۆڕش بووە، بە تایبەت قانوونی چاکسازیی کشتوکاڵی (طالباني، 2010، ص93). لە کەلار لە سەرەتای ساڵی (1959)دا، بارەگای حیزبی شیوعی بە ناوی بارەگای (الشبيبه) کراوەتەوە کە ئەحمەد فەتاح ڕۆستەم بەرپرسی بووە و لە لایەن شێخ عەتای تاڵەبانییەوە سەرپەرشتی کراوە، ئەو بارەگایە لە خانووی کەسێکدا بووە بە ناوی خەلیفە مەحموود (حەمۆمین، 2020، چاوپیکەوتن). "حیزبی شیوعی بۆ ئەوەی تەنها خۆیان فەرمانڕەوای بکەن، توانیان دەسەڵاتی خۆیان بگەیەننە گەلێك فەرمانگەی حکومی و زۆربەی ڕێکخراوە میللی وپیشەیی و سەندیکاکان کۆنترۆڵ بکەن و بیانکەنە پاڵپشتی خۆیان، بۆیە لە دام و دەزگانی تری دەوڵەتدا جێ و پایەی زۆر گرنگیان کەوتبوە دەست. لەوانە : دوو دەزگای سەربازی، یەکێکیان (بەرگری میللی – المقاومة الشعبية)، ئەوی تریش (لیژنەکانی پراستنی کۆمار –لجان صيانة الجمهورية)"، جگە لەمانە هەموو ڕێکخراوە سەندیکا و پیشەییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشیان کۆنترۆڵ کردبوو (عومەر، 2019، ل197- 198). لەم چوارچێوەیەدا شوعییەکان لە کەلار توانیان خۆیان ڕێکبخەنەوە لە بارەگایەکدا و ئەحمەد فەتاح بەرپرسی یەکەمیان بووە و لە بانگەشەکرندا ڕۆڵێکی زۆریان هەبووە، بە تایبەت لەنێو چینی جووتیاراندا (وەلی، 2017، ل8 ؛ محەمەد، 2020، بەرنامەی tv)

ئەندامانی حیزبی شیوعی کە دژی ئاغا و دەرەبەگ بوون، لە شارەدێیەکەدا بە زۆری لە خوارووی کەلاردا نیشتەجێبوونە، ئەمان خۆیان لە ڕیکخراوەکانی جووتیاراندا ڕێکخستوەتەوە و لەم ڕووەوە کاریانکردووە، دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە ناوی چەند ئەندامێك بدەین، لەوانە: (ئەمین حاجی، محەمەد ئەحمەد ڕۆستەم، حەمەی مەحموود، فارسی ئەحمەد فەڕاش و ئەمین سەمین)، بە زۆری ئەمانەیش لە تیرەی عەمەڵە بوون (شاکەلی، 2020، چاوپێکەوتن). لە سنووری بارەگای کەلار و لێژنەی کفری حیزبی شیوعیدا کار و چالاکییەکان زیاتر خۆی لە ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر و ناردنی شاند بۆ لای بەرپرسانی حکومی و سەرپەرشتیکردنی نارەزایەتییەکان و خستنەڕووی داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک، بە تایبەت کێشە و داخوازییەکانی جووتیاراندا دەبینییەوە (ئەبو کاروان، 2020، چاوپێکەوتن).

دەسەڵاتی شیوعییەکان بە شێوەیەك فراوان ببوو کە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان چووبوونە ریزەکانیانەوە و بنکەی جەماوەریيان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر گەورەتر دەبوو. بە ئامانجی زیادبوونی ئەندام و جەماوەری حیزبی شیوعی، مەرجی وەرگرتن لە هەموو ناوچەکان زۆر ئاسان کرابوو، ئەمەیش لە واقیعدا کاریگەری لەسەر زیادبوونی ئەندامی حیزب هەبووە و خەڵکی لە دەوریان کۆبوونەتەوە (عومەر، 2019، ل196- 197). بەپێی بەڵگەنامەیەك لە کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، ئاماژە بە ئەندامانی حیزبی شیوعی لە (حوزەیرانی 1959)دا لە کەلار کراوە: (ئەحمەد فەتاح ڕۆستەم، حەمەی ئەحمەد ڕۆستەم، مەحموودی حاجی محێدین، خولە پەخە، ڕەحیم خازە، عوسمان حەسەن خدر، عەلی مەلا محێدین، عومەر حەسەن خدر، حەمەسەعید ئاغامیر، حەسەن قادر نادر، حەمەی سابیر، شەفیق حاجی مەجید، فەریق حاجی مەجید، مەحموود حەمید ئەحمەد جاف و.. گەلێکی تر) (بارزانی، 2012، ل365).

لە گوندەکانی دەوروبەری کەلاریشدا، بەهەمان شێوە چەندان ئەندامی چالاکی حیزبی شیوعی عیراق هەبوون، بۆ نموونە لە گوندی زەماوەنگە لە لایەن مەلا سلێمان [7] زەماوەنگەییەوە لە سنووری ناحیەی باوەنور و پێباز چالاکییان نواندووە و لە ڕێگەی ئەوەوە چەندان کەس هاتوونەتە ریزی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعییەوە و بەشداری کۆبوونەوە و چالاکییەکانیان کردووە، لەوانە، لە گوندی زەماوەنگە: مەحموود ساڵح کاکەخان، مەحموود قادر ئەحمەد، حەمەساڵحی حاجی مەحموود، حەمەساڵحی قادری موراد، حەمەساڵحی قادری مرادوەیس، لە گوندی خاڵەبەگ: مەجید عەزیز حەسەن، حەمەساڵح محەمەد شاوەیس، سۆفی ڕەحیم محەمەد دەروێش، ئەمانە لە چالاکییەکاندا ڕۆڵیان گێڕاوە و لە ریزەکانی ڕێکخراوەکانی جووتیاراندا ڕێکخراونەتەوە (سلێمان، 2021، چاوپێکەوتن).

لە ناوچەی زەنگاباد و لە گوندی قەرەبڵاغی خوارووی کەلاریش، ئیبراهیم حاجی فەتاح (1932- 1987) لەریزەکانی حیزبی شیوعیدا کاری کردووە و لەم ڕووەوە جێ پەنجەی دیارە (ئەبوکاروان، 2020، چاوپێکەوتن). هەروەها شێخ عەتا لە بیرەوەرییەکانیدا، جگە لە ئەندامانی لێژنەی کفری و بارەگای کەلار ناوی چەندان لایەنگر و ئەندامی چالاکی حیزبی شیوعی لە گوندەکان تۆمار کردووە، لەوانە لە شیتەکان: حاجی ڕەحیم قارەمان، لە قەرەبڵاغ: ئیبراهیم حاجی فەتاح، لە شێخلەنگەر: عەلی کەریم جەهان، لە زەماوەنگە: مەلا سلێمانی زەماوەنگە و ئەمین حسێن، لە قولەبەرز: عەبدولقادر ئەحمەد محەمەد (1918- 1993) ناسراو بە سۆفی عەبدولقادری قولەبەرز، لە

حەسەن محە: ئەحمەد محێدین کەریم نەجەف (طالباني، 2010، ص111). لە ژاڵەیش هەریەکە لە حەسەنی حاجی قادری شاتری و حسێنی برایی لە ریزەکانی حیزبی شوعیدا پێکەوە لەگەڵ مەلا سلێمان زەماوەنگەییدا چالاکییان نواندووە و کاریانکردووە (شاتری، 2020، چاوپێکەوتن ؛ سلێمان، 2021، چاوپێکەوتن).

لە کەلار و دەوروبەری، حیزبی شیوعی چالاکییەکانیان زۆرتر پەیوەست بووە بە رووداوەکان و ساڵیادی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە. چالاکییەکان زۆرتر کۆمەڵەی جووتیاران (جمعية الفلاحين) و بارەگای لاوان (الشبيبة) پێی هەستاون. لە (21- 22ی حوزەیرانی 1959)دا حیزبی شیوعی لە کەلار بەهۆی گیان لەدەستدانی پێنج جووتیار لە ناسریە خۆپیشاندانێکیان دەستپێکردووە و لە خۆپیشاندانەکەدا چەندان دروشمیان دژی ئاغا و دەرەبەگ وتوەتەوە، هەر لەم خۆپیشاندانەدا گرژی لە نێوان ئەندام و لایەنگری حیزبی شیوعی و پارتیدا دروستبووە (بارزانی، 2012، ل364). جارێکی تر حیزبی شیوعی لە ناحیەی باوەنور و دەوروبەری چالاکییان بۆ ساڵیادی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز لە ساڵی (1959)دا سازداوە، بڕیار بووە لە کەلاریش چالاکی بۆ ئەو یادە ساز بدەن، بەڵام لە لایەن لایەنگر و ئەندامانی پارتییەوە ئەو چالاکییەی کە بڕیار بووە بۆ جەماوەی کەلار ساز بکرێت، سەری نەگرتووە و جارێکی تر گرژی دروستبووەتەوە، کە ئەمەیش پەیوەست بووە بە گرژییەکانی پێشووو ترەوە (محەمەد، 2020، بەرنامەی tv).

هەر لە ساڵوەگەڕی یەکەمی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزدا، لە دەوروبەری کەلار چالاکی رێکخراوە و هاووڵاتیان، بە تایبەت جووتیاران بەشداریی بەرچاویان هەبووە. لە گوندی زەماوەنگە بە بەشداریی هاووڵاتیانی گوندەکانی دەوروبەری کەلار، بە بۆنەی ساڵیادی شۆڕشەوە ئاهەنگێکی گەورە بە سەرپەرشتی مەلا سلێمان زەماوەنگەیی سازکراوە. خەڵکی بە پەرۆشەوە بەشدارییان کردووە و لە لایەن مەلا سلێمانەوە وتار و چەند پارچە شیعرێك بۆ ئامادەبووان خوێنراوەتەوە. هەر لەو ئاهەنگەدا میوانداری هاووڵاتیان کراوە و خواردن بەسەر ئامادەبوواندا دابەشکراوە (سلێمان، 2021، چاوپێکەوتن)، فراوانبوونی چالاکیەکانی حیزبی شیوعی لە سەرەتای بەرپابونی شۆڕشەوە بووەتە مایەی نیگەرانی کەسانی نزیك لە بەگزادە و ئەوانەی کە نەچووبوونە ریزەکانی حیزبی شیوعییەوە کە پاشتر خۆیان لە ریزەکانی پارتیدا بینیوەتەوە. هەرئەمەیش وایکردووە کە خەڵکانێك لە کەلاردا هەبن لەم دۆخە نارازی بن و هەوڵی دروستکردنی بەرەیەکی تر جیاواز لە شوعیییەکان بدەن (محەمەد، 2020، بەرنامەی tv). خەڵکی کەلار و دەوروبەری بەشداریان لە خۆپیشاندانەکانی پایتەختیش کردووە، لە ساڵی (1959)دا لە بەغدای پایتەخت لە لایەن حیزبی شیوعەوە خۆپیشاندانیکی جەماوەری گەورە سازکراوە بۆ پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی شۆڕش بۆ چاکسازی، بە تایبەت لە بواری کشتوکاڵدا و خەڵکی ئەم سنوورەیش بەشداریی بەرچاویان هەبووە (کەماڵەیی، 2020، چاوپیکەوتن).

لەپاش چالاکبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەلار و دەوروبەری، ناکۆکی و ململانێ لەنێو لایەنگر و ئەندامی ئەم دوو حیزبەدا دروست دەبێت و لەم رووەوە لە سەرەتاوە شەڕە داروبەرد روویداوە، تا سەرئەنجام ململانێیەکان لە نێوان هەردوو لادا هەڵکشاوە و گەیشتوەتە ئاستی بەکارهێنانی چەك و برینداربوونی لێکەوتوەتەوە، وەك ئەوەی لە (حوزەیرانی 1959)دا حەمەی وەلی هێرش دەکرێتە سەری و بە خەنجەر بریندار دەکرێت (وەلی، 2017، ل11- 12).

بەم شێوەیە ململانێی نێوان ئەندام و لایەنگری حیزبی شیوعی و پارتی لە ململانێی فکرەییەوە گەیشتوەتە ململانێی چەکداری، لە کۆبوونەوەیەکی محەللیی کەرکوکی حیزبی شیوعیدا چالاکبوون و باڵادەستبوونی پارتی لە سنووری کفریدا، وەك مەترسیەك خراوەتەڕوو. هەروەها لە کۆبونەوەیەکی ئەندامانی حیزبی شیوعیدا لە کفری و کەلار و گوندەکانی دەوروبەریدا لەگەڵ لێژنەیەکی محەللیی سلێمانیدا، لە گوندی بانیخێڵانی نزیك دەربەندیخان ئەوە خراوەتەڕوو، کە مەنهەجی حیزبی شیوعی ئەوەیە دژایەتی پارتی نەکەن. لە رێگەی رێکخستنەکانی حیزبی شیوعیەوە شێخ عەتای تاڵەبانی لەوە ئاگادار کراوەتەو لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە کەلار، پارتی بەنیازە هێرش بکاتە سەریان و چەکیان بکەن، ئەمەیش وایکردووە شێخ عەتا نزیکەی (70) چەکدار کۆبکاتەوە بە دوو دەستە بەسەر سنوورەکەدا دابەشیان بکات، چاودێریی وردی بارودۆخەکەیان کردووە، بەڵام وەك دەرکەوتووە هیچ چالاکییەکی لەو جۆرە لە لایەن پارتییەوە ئەنجام نەدراوە و هەواڵەکان تەنها دەنگۆ (ديعاية) بوونە و رووبەڕووبونەوەی چەکداری رووی نەداوە (طالباني، 2010، ص111- 113).

دەرئەنجامەکانی پاش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز، هەروەها چالاکبوون و گەشەکردنی زیاتری کاری رێکخراوەی و حیزبی لە نێوان حیزبی شیوعی و پارتی، بووە هۆی ململانێ لەنێو چین و توێژەکاندا لە سنووری کەلار و کفریدا. لە کفری چەندان جار کێشە و شەڕ لە نێوان ئەندام و لایەنگری هەردوو حیزبدا روویداوە، لە ساڵی (1959)دا شەڕێك لە نێوان وەستا نووری و عەبدوڵڵای وەستا عەلیدا روویداوە و تەنانەت کێشەکە چووەتە دادگا و لەوێ یەکلایی کراوەتەوە (دەلۆ، 2019، ل154). لە کەلاریش لە ئەنجامی شەڕی نێوان لایەنگر و ئەندامانی هەردوو حیزبدا بۆ یەکەمینجار حکومەت ناچاربووە بۆ گەڕانەوەی ئارامی و تەشەنە نەکردنی زیاتری شەڕ و ململانێیەکان بنکەیەکی پۆلیس لە ساڵی (1959)دا بهێنێتە کەلارەوە، سەرپۆلیسی بنکەی پۆلیسی شێروانە لە کەلار عەریف حەسەن حەمەخان بووە، ئەم بنکەی پۆلیسە زۆر جار رۆڵی لە کەمکردنەوەی کێشەکاندا گێڕاوە (بارزانی، 2012، ل364 ؛ شاکەلی، 2012، ل176).

لە هەناوی ئەم کێشمەکێش و نائارامیانەدا، لە ساڵی (1959)دا لە سنووری شێروانە و کەلاردا، چەندان کەس چوونەتە ریزەکانی بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتیی جیهانەوە[8] و داوای ئاشتی و ئارامییان بۆ ناوچەکە و جیهان کردووە. وەك لای هەمووان ئاشکرایە بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی جیهان لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو لە بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستان کار و چالاکی نواندووە، بە تایبەت لە شارە گەورەکانی وەك کەرکووك و هەولێر و سلێمانیدا، تەنانەت لە شارەکانی تری وەك هەڵەبجەیشدا ئەندام و پشتیوانیان هەبووە و بە زۆری لایەنگر و ئەندامی حیزبی شیوعی عیراق پشتیوانی کار و چالاکییەکانیان کردووە (قادر، 2008، ل153). لەپاش شۆڕشی (چواردەی تەمووزی 1958)دا بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتیی جیهانی بە ئاشکرا کەوتوەتە چالاکی و جموجۆڵ و ئەندامیان زیادی کردووە. لە (14- 17ی نیسانی 1959)دا بزووتنەوەکە بە بەشداریی (1200) ئەندام لە بەغدای پایتەخت دووەمین کۆنگرەی خۆی

گرنداوە، کە چەندان کەسایەتی کورد تێیدا بەشدار بوونە (الحسناوي، 2018، ص129).

لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، لەپاش کۆنگرەی دووەمی بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی جیهانی لە ساڵی (1959)دا، کاروچالاکیەکانی بزووتنەوەکە زیادی کردووە، لە (15ی ئایاری 1959)دا لە شاری هەڵەبجەدا میهرەجانی ئاشتی بەڕێوەچووە، لەو ئاهەنگەدا جووتیاران و کرێکارانی ناوچەکانی دەربەندیخان و سلێمانیش بەشداریان کردووە (الحسناوي، 2018، ص 134)، لە ناوچەی کفری و کەلاریشدا ئەندامی ئەم بزووتنەوەیە هەبووە و لەم رووەوە چالاکی و هەوڵەکانیان جێگەی هەڵوێستە لە سەر کردنە، هەوڵدەدەین بە پوختی ئاماژەیان بۆ بکەین.

سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی جیهانی لە ناوچەی کفری و کەلاردا ئەوا بۆ سەرەتای بەستنی یەکەمین کۆنگرەی ئەو بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە لە (نیسانی 1954)دا، بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی (صوت الاهالي) لە (18ی ئابی 1954)دا بڵاوکراوەتەوە، باس لە پشتیوانی چین و توێژەکانی ناوچە جیاجیاکانی عیراق دەکات لە پشتوانییان بۆ کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی جیهانی، لەو رووەوە لە هەواڵێکدا پشتیوانی خەڵکی کفری بڵاوکراوەتەوە، بەم شێوەیە "لەلایەن لایەنگرانی پشتیوانانی ئاشتیەوە لە کفریەوە (19) واژوو لە لایەن ئەو کەسانەوە بۆ پشتگیی لە کۆنگرەی ناوبراو هاتووە، هەروەها هاوسۆزی خۆیان بۆ کاروبارەکانی کۆنگرە دەردەبڕن و کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەکەن" (صوت الاهالي، 1954، ص3 ؛ الحسناوي، 2018، ص219) بەم شێوەیە هەر لە سەرەتای بەستنی کۆنگرەی یەکەمی ئەم بزووتنەوەیە لە ناوچەی کفریەوە هاوولاتیان پشتوانیان بۆ کار و بارەکانیان کردووە و ئەوەیشیان خستوەتەروو کە کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆنگرە دەکەن و لەم رووەوە هەوڵەکانیان بەگەڕ دەخەن.

لە کەلار لە (مایسی 1959)دا، بە ئیمزای دە (10) کەس بە ناوی (کۆمەڵەی ئاشتیخوازانی ناوچەی شێروانە)، لە رێگەی بەیاننامەیەکەوە داوای ئاشتی بۆ ناوچەکە و جیهان دەکەن، لە رێگەی گۆڤاری هەتاو کە لە شاری هەولێر دەرچووە، بەیاننامەی کۆمەڵەی ئاشتیخوازانی ناوچەی شێروانەی، لە (30ی مایسی 1959)دا بڵاوکراوەتەوە (هەتاو، 1959، ل5- 6). ئەم بەیاننامەیە واژووی دە کەس لە چین و توێژە جیاجیاکانی کەلار و ناوچەی شێروانەی ئەو رۆژگارەی لەسەرە کە خۆی لە خاوەن زەوی و مامۆستای ئایینی و جووتیار و فەرمانبەر و قوتابیدا دەبینێتەوە، وەك لێژنەی شێروانەی سەر بە بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی جیهانییەوە بڵاوکراوەتەوە، لێژنەی شێروانەی سەر بەم بزووتنەوەیە، لە سەرۆکێك و دەستەیەکی هەشت کەسی پێکهاتووە بە سەرۆکایەتی ئەحمەد فەتاح رۆستەم (1929- 1974)ی خەڵکی کەلار و ئەندامبوونی هەریەکە لە حەمەسەعید بەگی جاف (1925- 1996)، جوامێر عەبدولقادر، عەبدولکەریم مارف، کەریم محەمەد، فەتاح عەزیز سەیید موراد، عەلی سەلیم بەگی جاف، مەلا ئەحمەدی هۆرێنی و رەشیدی شێخ حەسەن. پاشتر دوو کەسایەتی تریش هاتوونەتە پاڵیان ئەوانیش هەریەکە لە: (محەمەد ساڵح عەزیز سەیید موراد، حەسەن کەریم بەگی جاف)، یەکەمین هەنگاوی لێژنەی شێروانەی- بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی جیهانی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك بووە کە بۆ ئەو دەمەی ناوچەکە و کەلار شتێکی گرنگ و نوێبووە، بە تایبەت کە لەو لێژنەیەدا هەموو چین و توێژەکان کۆبوونەتەوە (باوەڕ، 2020، ل2).

کۆمەڵەی ئاشتیخوازانی ناوچەی شێروانە، لە (مایسی 1959)دا لەژێر ناونیشانی (بانگی ئاشتی بۆ دانیشتوانی ناوچەی شێروانە)دا، بەیاننامەیەکیان ئاراستەی کەسانی سەربەست و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز کردووە، سەرەتای بەیاننامەکەیان بەو شێوەیە دەست پێکردووە کە داوا لەو کەسانە دەکەن کە پر بەدڵ حەز بە ئاشتی و برایەتی دەکەن و ئەوانەیشی کە رقیان لە هەڵگیرسێنەرانی شەڕ و ماڵوێرانیە، لێرەوە بە دەنگیکی بڵند بانگهێشتی ئەو کەسانە دەکەن بۆ ئاشتی و تێکۆشان لەو پێناوەدا. هەر لە بەیاننامەکەدا ئەوەیش خراوەتەڕوو کە لەم رێگەیەوە دیموکراسیەتی کۆمارەکەمان لەدەستی دوژمنان دەپارێزرێت و زانست و خوێندەواری بەرز دەبێتەوە. بەم شێوەیە بەیاننامەکە چەندان پرسی تری وروژاندووە (هەتاو، 1959، ل5- 6)، نووسین و کارەکانی لێژنەکەیش وەك دەردەکەوێت کاریگەری دوو کەسایەتی خوێنەواری ئەو سەردەمەی لەسەربووە، ئەوانیش هەریەکە لە حەمەسەعید بەگی جاف و مەلا ئەحمەدی هۆرێنیە (1900- 1970). ئەم بەیاننامە، لە داڕشتن و نووسینی حەمەسەعید بەگ بووە و هەر ئەویش گەیاندوویەتیە گۆڤاری هەتاو لە هەولێر (باوەڕ، 2020، ل2).

**تەوەری سێیەم: گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە سۆڤێیەت و چالاکبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەلار و دەوروبەریدا**

پاش شۆڕشی (چواردەی تەمووزی 1958) و راگەیاندنی سیستەمی کۆماری، کورد بە ئومێدەوە لە رەوتی رووداوەکانی دەڕوانی، پاش یەك هەفتە لە بەرپابوونی شۆڕش لە (20ی تەمووز)، لێبوردنی گشتی بۆ زیندانیکراوەکان دەردەچێت و هەریەکە لە شێخ ئەحمەدی بارزانی (1896- 1969) و گۆرانی شاعیر و شێخ لەتیفی حەفید، بەر لێبوردن دەکەون و ئازاد دەکرێن. لە (27ی تەمووز) دەستووری کاتی رادەگەیەنرێت، کە بەپێی ماددەی سێیەمی دەستوورەکە هەریەکە لە (عەرەب و کورد)ی کردە هاوبەش، لە ئارمی فەرمیی کۆماری عیراقیشدا، خەنجەری کورد و شمشێری عەرەب کە یەکتریان بڕیوە، وەك رەمزێك لە کۆماری عیراقدا دانراوە. ئەمەیش لەو دەمەدا خۆی لە خۆیدا گرنگیدانی دەوڵەت بە دۆزی کورد دەردەخات (کۆچێرا، 2007، ل257- 258).

ئیبراهیم ئەحمەد (1914- 2000) پاش کاتژمێرێك لە راگەیاندنی کۆماری عیراق، بە ناوی لێژنەی کەرکووکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بروسکەی پیرۆزبای و پشتگیری راگەیاند و لە بروسکەکەدا بە هیواوە لە عیراق نوێی روانیەوە بۆ بەتینی پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب. لە (16ی تەمووز)یش پارتی لە رێگەی بەیاننامەیەکەوە پشتگیری لە شۆڕش کرد. بەم جۆرە کۆماری تازە بە چەند هەنگاوێك بووە جێگەی دڵخۆشی کورد و ئەوەی زیاتر بووە جێگەی خۆشحاڵی هەمووان گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی (1903- 1979) و هاوڕێکانی بوون لە یەکێتیی سۆڤێیەت بۆ عیراق و کوردستان (طالباني، 1970، ص176 ؛ مام خول، 2013، ل67- 71). لە (6ی تشرینی یەکەمی 1958)دا لەنێو ئاپۆڕای گەورەی جەماوەریدا مەلا مستەفای بارزانی گەیشتەوە بەغدا و پێشوازی گەرمی لێکرا. لە (نیسانی 1959)دا بارزانییەکانی تاراوگە لە یەکێتیی سۆڤێتەوە گەیشتنەوە عیراق، کە ژمارەیان (460) پیاو و چەندان ژن و منداڵ بوونە و بەشێکیان گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان (Arfa,1966,p.129 ؛ کۆچێرا، 2007، ل261).

لە کاتی هاتنەوەی مەلا مستەفای بارزانی و مانەوەی لە بەغداد، لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بە چەندان شاند بۆ بەخێرهێنانەوەی چوونەتە بەغداد و لە لایەن بارزانییەوە پێشوازیان لێکراوە. لە ناوچەی کفری و کەلار و دەوروبەریەوە لە (27ی تشرینی یەکەمی 1958)دا، وەفدی ناوچەی کفری کە لە شەست کەسایەتی پێکهاتبوو چوونە بەغدا بە مەبەستی بەخێرهاتنەوەی بارزانی. لەو دیدارەدا مەلا مستەفا لەگەڵ خەڵکی کفری و دەوروبەریدا، باسی ژیانی پەناهەندەی بۆ کردون لەگەڵ سەردەمی تازەی کۆماری عیراق، هەر لەو دیدارەدا کەسایەتی کفری ئەحمەدی حاجی سەمین (1928- 1965) هەستاوەتە سەرپێ بە شێوەیەکی حەماسی وتویەتی: "رۆح و گیانم فیدای تۆ بێت ئەی بارزانی"، لە وەڵامدا مەلا مستەفای بارزانی بە ئەحمەدی حاجی سەمینی وتوە: "سوپاست دەکەم کاك ئەحمەد ئاگاداری هەڵوێستەکانتم، بەڵام ئەم مەرحەلە چاکترە هێمنی و ئارامی بپارێزین"، بەم شێوەیە بارزانی بە گەرمی پێشووازی لە خەڵکی گەرمیان کردووە (کەریم، 2010، ل265، 273).

ئیبراهیم ئەحمەد لە رێگەی مستەفا نەریمانەوە (1925- 1994)، لەپاش شۆڕشی چواردەی تەمووز هەوڵەکانیان بەگەڕدەخەن بۆ پتەوکردنی رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی کفری و کەلار و دەوروبەریدا، بۆ ئەوەی بناغەیەکی بەهێز بۆ پارتی لە سنوورەکە دابمەزرێنن. هەر بۆهەمان مەبەست مستەفا نەریمان سەردانێکی کفری و کەلار و گنگربان و قەرەبڵاغ دەکات و دەرکەوتووە رای گشتی خەڵکی بەو ئاراستەیە بووە، کە بە شێوەیەکی گەرم بەپیری پارتییەوە دەچن. لە کفری لە ماڵی مەلا کەریم هەولێری بە مەبەستی رێکخستنەوەی کاروبارەکانی پارتی کۆبوونەوەیەك گرێدەدرێت بە ئامادەبوونی هەریەکە لە: مستەفا نەریمان، عەلی حەمدی، محێدین حاجی محەمەد و سابیر حاجی فەتحوڵلا سەڵتەزەرد، هەر لە کۆبوونەوەکەدا ژمارەیەك کەسایەتیی کەلار ئامادەبوون بە مەبەستی کارکردن لە ریزەکانی ئەو پارتەدا، ئەوانیش هەریەکە لە مستەفا بەگی جاف (1921- 1997)، عەلی سەلیم بەگی جاف، ئەحمەد براحەمە (1920- 1969)، شێخ ئەحمەد شاکەلی (1902- 1982)، ئەحمەد کەلاری (1935- 2008)، کە دواتر بڕیاریان داوە عەلی حەمدی (1918- 1966) بکریتە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی کفری (نەریمان، 1994، ل153- 154).

لە ناوچەی کفری و کەلاردا پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی چالاك کاری رێکخراوەیی دەستپێکردووە، لە ساڵی 1958- 1961دا ناوچەی کفری لە لایەن عەلی حەمدییەوە بەڕێوەدەبرێت (کەریم، 2010، ل245). عەلی حەمدی رۆڵی کارا و کاریگەری لە زیادبوونی ئەندام و لایەنگر بۆ پارتی لە ناوچەی گەرمیاندا هەبووە، توانیویەتی لە رێگەی خۆیەوە گەشە بە ڕیکخستنەکانی پارتی بدات، بە تایبەت لەناو قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و ئافرەتاندا، سەرباری ململانێی کاری رێکخراوەی لە نێوان پارتی و حیزبی شیوعیدا، بەڵام نەیهێشتوە رووداوی نەخوازراوی تووند بکەوێتەوە (عەلی، 2013، ل40- 41). عەلی حەمدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بووە، ماوەیەك بەڕێوەبەری فەرمانگەی تاپۆی کفریش بووە، رۆڵی گرنگی هەبوو، لە گەشەکردن و بەهێزبوونی رێکخستنەکانی پارتی لە هەریەکە لە کفری و کەلار و خورماتوو و خانەقیندا، کەسێکی هێمن و شارەزا بووە (شاکەلی، 2003، ل90). کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ گەنجان دەبەست و لەسەر دەستی ئەو ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان بوون بە لایەنگر و ئەندامی پارتی. عەلی حەمدی توانی بیری نەتەوایەتی لەناو گوندەکانی دەوروبەری کفریشدا گەشە پێبدات (عەلی، 2013، ل129- 130).

لە ساڵی 1959دا لە کەلار بارەگای لاوانی پارتی بە ناوی (خەبات) [9] هوە کراوەتەوە، عەلی سەلیم بەگ [10] کراوەتە بەرپرسی ئەم بارەگایە و محەمەد وەلیش وەك جێگری کارەکانی راپەڕاندووە، بارەگای خەباتی کەلار سەر بە ناوچەی کفری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، کە هەفتانە عەلی حەمدی لە رۆژانی پێنجشەمەدا هاتووەتە کەلار و لەگەڵ ستافی بارەگای خەبات کۆبوونەتەوە (محەمەد، 2020، بەرنامەی tv). محەمەدی حاجی وەلی لە بیرەوەرییەکانیدا، سەبارەت بە کردنەوەی یەکەمین بارەگای لاوانی پارتی لە کەلار، باس لەوە دەکات کە ئەوان کۆمەڵێك بوون دژی بەرنامەی شوعیەکان و لەگەڵیان نەدەگونجان، هەربۆیە لە رێگەی شێخ محەمەدی هەرسینەوە کە بۆ میوانداری لە کەلار بووە پەیوەندی بە عەلی حەمدیەوە لە کفریدا دەکەن. پاش ئەوەی محەمەد حاجی وەلی دەچێتە کفری و سەردانی عەلی حەمدی دەکات بڕیاری کردنەوەی بارەگای لاوانی پارتی بە ناوی خەباتەوە لە کەلار دەدرێت (وەلی، 2017، ل9).

پارتی دیموکراتی کوردستان پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز بە خێرایی چالاکی خۆی دەستپێکردووە، خەڵکی زۆری لەدەور کۆبوەتەوە، بە تایبەتی پاش گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە سۆڤێیەت (بارزانی، 2012، ل70). بەهەمان شێوەیە لە کەلار و دەوروبەریشی خەڵکی چونەتە ریزەکانی ئەو پارتەوە و چالاکیان بە شێوەیەکی رێکخراوەیی دەستپێکردووە. محەمەد حاجی وەلی کە گەڕاوەتەوە بۆ کەلار لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی بارەگای پارتییان لە ساڵی 1959دا کردەوەتەوە، ئەو کەسانەی کە ئەو ناویان دەبات بریتیین لە هەریەکە لە: (عەلی سەلیم بەگ، حەمە ساڵح عەزیز سەیید موراد، حەمەی رۆستەم، عومەری حەمەی قادر گوڵکوت و حاجی عەبدوڵڵای برای، حەمەی مینا، سابیری عەزیزی فارس و تاهیری برای، حسێنە سورکە)، هەر ئەو کۆمەڵە کۆبوونەتەوە بە مەبەستی کردنەوەی بارەگای لاوان بە ناوی خەباتەوە و خانوویەکیان بەکرێ گرتووە، هەفتانە لە رۆژانی پێنجشەمواندا سەبارەت بە کاری رێکخراوەیی و بانگەشەکردن بۆ پارتی لە هەریەکە لە کەلار و خانەقین و گوندەکانی سنووری قۆرەتوو تا دەگاتە گوندی مەحموود قەجەر عەلی حەمدی کۆبوونەوەی پێکردوون (وەلی، 2017، ل9- 10).

لەپاش کردنەوەی بارەگای پارتی بە سەرپەرشتی ئەندامەکانی دەست بە دروستکردنی خانوویەك کراوە بۆ باشتر بەڕێوەچوون و کاری رێکخراوەیی لە کەلار و دەوروبەریدا، هەروەها حیزبی شیوعیش بارەگایەکیان بە ناوی (شبیبە) هوە هەبووە لە سەرەتاوە ئەوان باڵادەست تر بوون و ئەندام و لایەنگریان لە کەلار و دەوروبەریدا زیاتر بووە، بەڵام پاشتر پارسەنگی هێز بەلای پارتیدا شکاوەتەوە و خەڵکی روویان لە بارەگاکانی خەبات کردووە لە ناوچەکەدا (کەماڵەیی، 2020، چاوپێکەوتن؛ حەمۆمین، 2020، چاوپێکەوتن). بە چالاکبوونی رێکخستنەکانی پارتی لە کەلار و دەوروبەریدا لەگەڵ ئەندام و لایەنگری حیزبی شوعیدا گرژی و ململانێیەکان زیاتر دەبن، کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی پەنابردن بۆ چەك و برینداربوونی ئەندامانی هەردوو لای لێدەکەوێتەوە. وەك دەردەکەوێت لە (حوزەیرانی 1959)دا، چەندجارێك گرژی و رووبەڕووبوونەوە لە نێوانیاندا روویداوە. بەپێی نوسراوێك کە ناوی هەریەکە لە (محەمەد قادر ئەمین و عەلی سەلیم

بەگ)ی لەسەرە، بە ناوی (راپۆرتی ناوچەی خانەقین لەبارەی گیروگرفت لەگەڵ حیزبی شیوعیدا)، لەم راپۆرتەدا بە وردی تیشك خراوەتە سەر ململانێ و شەڕ لە نێوان ئەندامانی هەردوولا، بە تایبەت لە کەلاردا. وەك دەردەکەوێت لەو سەروبەندەدا لە گۆڕەپانی کاری ڕێکخراوەییدا پارتی وەك حیزبی شیوعی بەهێز نەبووە و چالاکی و ئەندام و لایەنگری حیزبی شیوعی زۆرتر بوون (بارزانی، 2020، ل346).

بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە (39) لە بەرگی دووەمی پەرتوکی (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد)دا چەندان زانیاری لەسەر چالاکیەکانی (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) خراوەتەڕوو، سەرەتای بەڵگەنامەکە بە ڕووداوی هێرشکردنە سەر ئەندامانی پارتی لە کەلار دەستی پێکردووە، کە لە شەوی (18- 19ی حوزەیرانی 1959) لە لایەن شوعییەکانەوە هێرشکراوەتە سەریان، ئەمەیش لەپاش ئەوەی کە ژمارەیەك ئەندامی پارتی لە خانەقینەوە بەرەو کفری گەڕاونەتەوە و لە کەلار لایانداوە، بەڵام پاشتر لە لایەن ئەندامانی حیزبی شیوعیەوە هێرشیان کراوەتەسەر، هەروەها ئەوەیش خراوەتەڕوو، بەرچاوی پۆلیسی کەلارەوە کە ژمارەیان (22) کەس بووە تەقەکراوە و پۆلیسەکان ئاگایان لێ بووە، ئەندامانی حیزبی شیوعی لە کەلار بەهۆی کوژرانی پێنج جووتیار لە ناسریە خۆپیشاندانێکیان دەست پێکردووە لە (21- 22ی حوزەیرانی 1959)دا هێرشیان کردوەتە سەر ئەندامانی پارتی و چەندان کەس لە هەردوو لایەن بریندار بوونە، دوو ئەندامی پارتی بە خەنجەر بە ناوەکانی (محەمەد وەلی، محەمەد چەتری) بریندار دەبن، هەروەها ژنێکیش بە ناوی جەیران ئەکبەر بەهرام (1927- 2014) کە خێزانی حەمە چەتری بووە بە گوللە بریندار کراوە. هەر بەهۆی ئەم ڕووداوانەوە هەریەکە لە (محەمەد کەرەم ئازاد (1902- 1989) ناسراو بە چەتری، حەمەسەعید شێخ حەسەن) بە برینداری لە لایەن پۆلیسی کفریەوە دەستگیرکراون (بارزانی، 2012، ل364). لەپاش ئەم هێرشانە هەریەکە لە (محەمەد قادر ئەمین، عەلی سەلیم بەگ) چوونەتە لای مەلا مستەفای بارزانی لە بەغدا و ڕووداوەکانیان بۆ گێڕاوەتەوە (محەمەد، 2020، بەرنامەی tv).

ململانێ و گرژییەکانی نێوان ئەندام و لایەنگری پارتی و حیزبی شیوعی لە کەلار درێژەی هەبووە، ئەندام و لایەنگرانی شیوعی ڕۆژانە لەگەڵ ئەندامانی پارتی و پیاوماقوڵ و ئاغا و هەموو ئەوانەی کە لەگەڵیان لە ڕێکخستنەکانیان کاریان نەکردووە یان نەبوونەتە دۆست و لایەنگریان لە ململانێدا بوونە و بەشەڕ هاتوون (محەمەد، 2020، بەرنامەی tv). لە حوزەیرانی 1959دا گرژییەکی تر لە نێوان هەردوو لادا ڕوویداوە، بە تایبەت لە چایخانەی شێروانەدا لە کەلار کە ئەندام و لایەنگری هەردوولا بۆ بەسەربردنی کات ڕوویان لێکردووە، وەك دەردەکەوێت شیوعییەکان بە ئاشکرا توانیویانە چەك بەکاربهێنن و هەڵی بگرن، بەڵام لایەنگرانی پارتی لەم ڕووەوە بە گلەیین لە سەرکردایەتی پارتی و ئەوەیان خستوەتەڕوو کە "شوعیەکان بە ئاشکرا هەموو جۆرە چەکێك هەڵدەگرن...کەچی ئێمە ڕێگە نادرێن خەنجەر یان تێلایش هەڵبگرین" (بارزانی، 2012، ل365).

کۆنگرەی چواری پارتی لە (4- 7ی تشرینی یەکەمی 1959)دا لە بەغداد بەسترا، بۆ یەکەمینجار بوو لەپاش دامەزراندنی پارتییەوە لە (ئابی 1946)دا مەلا مستەفای بارزانی ئامادەی دەبێت و لەم کۆنگرەیەدا ناوی حیزب لە پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان- عێراقەوە کرایەوە بە (پارتی دیموکراتی کوردستانی- عیراق) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی چاودێری و پشکنینیش هەڵبژێردران (کریم، 1998، ص60- 61 ؛ عمر، 2004، ص140-141). عەلی حەمدی کە لە کۆنگرەی سێیەمدا ئەندامی لێژنەی ناوەندی بووە، بەڵام لە کۆنگرەی چوارمدا بە ئەندامی ئەو لێژنەیە هەڵنەبژێردراوەتەوە (قادر، 2007، ل48، 53). پاش کۆنگرە دووبارە ئۆرگانەکانی پارتی لە ناوچە جیاجیاکان ڕێکخراونەتەوە، بە شێوەیەك عەلی حەمدی بە بەرپرسی لێژنەی کفری ماوەتەوە، لە کەلاریش هەڵبژاردن کراوە و ئەنجامەکەیش بەو شێوەیە بووە کە عەلی سەلیم کراوەتە بەرپرسی بارەگای خەبات و حەمەی وەلیش جێگری، پێکەوە هەردووکیان بونەتە ئەندامی لێژنەی ناوچەی کفری پارتی (وەلی، 2017، ل10).

لە ساڵی (1959)دا لە بەغداد ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی کەلار و کفری کە ژمارەیان نزیکەی پەنجا (50) کەسێك بووە سەردانی مەلا مستەفای بارزانییان کردووە، لەوێ کادر و ئەندامانی پارتی سکاڵایان لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی کردووە، کە لە سنوورەکە دژایەتی زۆری ئەندام و لایەنگری پارتی دەکەن و زۆرجار کار گەیشتوەتە سوکایەتی پێکردنیان، مەلا مستەفایش دڵی داونەتەوە و هانی داون بەرگری لەخۆیان بکەن و ڕووبەڕوویان ببنەوە (محەمەد، 2020، بەرنامەی tv). بەم شێوەیە لە نێوان ئەندام و لایەنگری هەردوو لایەنی پارتی و حیزبی شیوعیدا ململانێیەکان بەردەوامبووە. پارتی وەك پارتێکی نەتەوەی ژمارەیەك لە خەڵکی لەدەور کۆبووەوە. لەبەرامبەردا شوعییەکانیش، وەك حیزبێکی چەپ و هەوڵدان بۆ یەکسانی چینایەتی. لە ناوچەکەدا کاریان کردووە. لەپاش شۆڕشی چواردەی تەمووز لە سەرەتاوە حیزبی شیوعی باڵادەست بوون، بەڵام لە کۆتایی ساڵی (1959) ڕێکخستنەکانی پارتی دەستیان بە گەشەکردن کردووە (شاکەلی، 2020، چاوپێکەوتن).

بەرپابوونی بزووتنەوەی شەواف (8ی ئاداری 1959) لە مووسڵ و ڕووداوی کوشتارگەکەی کەرکوك لە (14ی تەمووزی 1959)، کە بەهۆی ئەو دوو ڕووداوەوە ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی مووسڵ و کەرکووك کوژران و دەرئەنجامیش پەنجەی تاوانی کوشتنی هاووڵاتیان و نەخشەی ئەو ڕووداوانە بۆ ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی درێژ کرا، ئەمەیش بوو بەهۆی گرژبوونی پەیوەندییەکانی قاسم و شیوعییەکان لە عیراق (البوتاني، 2020، ص32، 121). لەپاش ئەم ڕووداوانە ڕێکخستەکانی حیزبی شیوعی لە کەلار و دەوروبەریدا، ڕووی لە کەمی کردووە و بەشێکیان چوونەتە ریزەکانی پارتییەوە. لەپاش ڕووداوەکانی کەرکوك، خەڵکی لە ڕێکخستەکانی حیزبی شیوعی دوورکەوتونەتەوە، حەسەنی حاجی قادری شاتری لە ڕێگەی مستەفابەگی جافەوە لە ریزەکانی حیزبی شیوعی وازی هێناوە و هاتوەتە ریزی ڕێکخستەکانی پارتییەوە. ئەمەیش دوای ئەوەی مستەفا بەگ لە ڕێگەی عیسای پیرەوە (1922- 1988) نامەیەکی بۆ ناردوە کە واز لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی بهێنێت. پێشهاتەکانی دوای کوشتارگاکەی کەرکووك بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆرێك لە ئەندامەکانی حیزبی شیوعی هەڵوێستی سیاسی خۆیان بگۆڕن و ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە تووشی شکست بێن (شاتری، 2020، چاوپێکەوتن).

لە لایەکی تریشەوە یەکێك لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی چواردەی تەمووز، لە (کانوونی دووەمی 1960)دا دەرکردنی قانوونی کۆمەڵەکان (قانون الجمعيات) بووە، هەر بەهۆی ئەم قانوونەوە پارتی توانی مۆڵەتی ئاشکرای کارکردن

وەربگرێت و بە شێوەیەکی فەرمی کەوتوەتە چالاکی و ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەیی (الزبيدي، 1981، ص235، 239). هەر ئەمەیش بوو بەهۆی ئەوەی لە سەرەتای (1960)دا پارسەنگی هێز بەلای پارتیدا بشکێتەوە و ئەندام و لایەنگری زیادی کردووە. بە مەبەستی کاری ڕێکخراوەی و حیزبی لە ناوچەکەدا، هەر لە بارەگای خەباتی لاواندا، بە ئاشکرا چەندان بەرپرسی پارتی لە کفری و کەرکووکەوە هاتوونەتە کەلار و کۆبوونەوەیان بە ئەندامانیان کردووە، جگە لە عەلی حەمدی هەریەکە لە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (1913- 2001)، عەبدوڵلای مەلا ئیبراهیم ناسراو بە عەبدوڵلا جاف، ئەحمەد حاجی سەمین، عەزیزی کاکەحەمە، عەبدوڵلا بابەعەلی (1941 – 2014) لەو کەسانەبوون سەردانی ڕێکخستنەکانی پارتییان کردووە و باسیان لە کاری ڕێکخراوەیی لەنێو ریزەکانی ئەو حیزبەدا کردووە (حەمۆمین، 2020، چاوپیکەوتن). لە سەرەتای ساڵی (1960) لە کەلاردا، عەلی حەمدی و ڕەزای قالە جاف (1928- 1965) کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداوە، ئەوەیان بە ئەندامان وتووە کە سەرکردایەتیی حیزب، بۆ بەرگری لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە هەوڵدان هێزی چەکداریی دروست بکەن، ناوی لێدەنێن هێزی (پێشمەرگە) و بڕیار دراوە لە گەرمیانیش لەو ڕووەوە کار بکرێت (حەمۆمین، 2020، چاوپیکەوتن).

لە ناحیەی باوەنوری نزیك کەلار، لە (8ی کانوونی دووەمی 1960)دا بارەگای خەبات کراوەتەوە. لە مەراسیمی کردنەوەی بارەگاکەدا ئەندام و لایەنگر و بەرپرسانی پارتی و بەڕێوەبەری ناحیەی باوەنور- حسێن جوندیش ئامادەی بوونە، چەندان وتار و چالاکی لە مەراسیمی کردنەوەی بارەگای خەباتی باوەنوردا پێشکەشکراوە. نوێنەری خەبات لە کەلار و خانەقینیشەوە ئامادەی ئەو مەراسیمەبوون. ئاهەنگی کردنەوەی مەراسیمەکە لە لایەن سەیید هاشم بەرزنجیەوە (1934-) کراوەتەوە، پاشتر وتاری ناوچەی کفری لە لایەن عەلی حەمدییەوە خوێنراوەتەوە، لە مەراسیمی کردنەوەی بارەگای خەبات لە ناحیەی باوەنور پەیامنێری ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی بە چەندان چالاکی تر کردووە کە پێشکەشکراون، لەوانە: (وتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب لە لایەن تیپی خەبات لە کفری، وتاری مەلای مزگەوتی باوەنور لە لایەن مەلا شێخ ئەحمەد، وتاری نوسینگەی خەبات لە خانەقین لە لایەن ئەحمەد کەلاری)یەوە خوێنراوەتەوە. شێخ ئەحمەدی شاکەلیش هۆنراوەیەکی لەو مەراسیمەدا پێشکەشکردووە. هاوکات عەزیزی کاکە حەمە زەنگەنە وتاری کرێکارانی خوێندوەتەوە. جوامێر قادر (1930- 1995) وتاری کۆمەڵەی جاڤی تایبەت بە جووتیارانی پیشکەشکردووە (خەبات، 1960، ص6).

لە کەلار و ناوچەی کفریدا جگە لە ڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیان و جووتیاران، ژنانیش ڕۆڵیان هەبووە، توانیویانە لە ڕێکخراوی یەکێتیی ئافرەتاندا خۆیان ڕێکبخەنەوە و ڕۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەی ژنانی سنوورەکەدا هەبێت و هاوکاری ڕێکخستەنەکانی پارتی بن. لە کفریدا هەریەکە لە (بەشیرە مەلا ئەحمەد، لەتیفە وەستا محەمەد، مەلیحە عەبدوڵلا چاوش) لەو ڕووەوە لە ریزەکانی یەکیتی ئافرتاندا ڕۆڵیان هەبووە و کاریان کردووە (دەلۆ، 2019، ل151). لە کەلاریش حەبیبە خانمی کەریم بەگی جاف [11]، لە ریزەکانی یەکێتیی ئافرەتاندا کاری کردووە و جگە لە کارکردنی لە ریزەکانی ئافرەتاندا توانیویەتی هاوکاری ڕێکخستنەکانی پارتی بێت لە سنوورەکەدا و لە چوارچێوەی بارەگای خەباتدا، لە کەلار چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی ئەنجام بدات (شریف، 2019، ل120).

لە کاتێکدا حیلمی عەلی شەریف لە کەلار کۆبوونەوەی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کردووە، لە ڕێگەی حەبیبە خانم لە هاتنی سوپا بۆ گوندەکە ئاگادار کراوەتەوە، پاشتر حیلمی عەلی شەریف کە ڕزگاری بووە لە کەلارەوە دەچێتە بناری بەمۆ و لەوێ جیگر دەبێت (وەلی، 2017، ل14).

کاتێك کە پەیوەندییەکانی قاسم و کورد بەرەو لاوازی و ئاڵۆزی چووە، لە عیراق سەردەمێکی تازە لە تیرۆر و تۆقاندن و دەستگیرکردنی ئازادیخوازان دەستپێکرد، ئەمەیش رای گشتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ورووژاند و تادەهات پەیوەندییەکانی کورد و قاسم لاوازتر بووە. لە ئاداری 1961دا لەسەر داوای مەکتەبی سیاسیی پارتی، بارزانی بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە کوردستان (اخرون، 2012، ص281). هەر لە کەلار پاش خراپ بوونی پەیوەندییەکانی قاسم و کورد بڕیای داخستنی بارەگای لاوانی خەبات دراوە و لە لایەن بنکەی پۆلیسی شێروانەوە بیست (20) ئەندام و لایەنگری پارتی دەستگیر دەکرێن، کە لە هەوڵدابوونە ئەو بارەگایە دانەخرێت، لەنێویاندا عەلی سەلیم بەگ- بەرپرسی خەباتیشی تێدا بووە (پشدەری، بەرگی دوو، 2002، ل52، 55 ؛ کەماڵەیی، 2020، چاوپێکەوتن). عەلی حەمدی کە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی کفری پارتی و لەهەمان کاتدا بەرپرسی فەرمانگەی تاپۆیش بووە، دوور دەخرێتەوە بۆ شاری شەترە لە لیوای ناسریە، لە (حوزەیرانی 1961)دا لە کاتی گەڕانەوەی بۆ کفری، بە مەبەستی سەردانی کردنی خێزانەکەی دەستگیر دەکرێت و پاشتر لە زیندان هەڵدێت (عەلی، 2013، ل42- 43). لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی پارتییەوە دەهێنرێتە کەلار و لە گوندی حەوش کوڕی بۆ ماوەی مانگێك حەشار دەدرێت، پاشتر خۆی دەرباز دەکات (وەلی، 2017، ل11).

## ئەنجام

دوای هەڵدانەوە و تەماشاکردنی سەرچاوە مێژووییەکان، توێژینەوەکەمان (پەرەسەندنە سیاسییەکانی کەلار و دەوروبەری لە ساڵانی 1958 -1961دا)، بە ئەوەمان دەگەیەنێت کە کەلار و دەوروبەری نەخش و ڕۆڵی مێژوویی لە ڕووداوەکاندا هەبووە، بەڵام زۆر بە کەمی تیشکی خراوەتەسەر.

لەپاش بەرپابوونی شۆڕشی (14ی تەموزی 1958)، کە بوو بە هۆی هێنانە کایەی سیستەمی کۆماری لە عیراقدا، کەلار و دەوروبەری خێرا بەپیر گۆڕانکارییەکانەوە چوون و ڕۆژانە خۆپیشاندان ئەنجامدراوە، بە تایبەت لە دژی دەرەبەگ و بنەماڵەی بەگزادەی جاف. سەرمەشقی خۆپیشاندانەکانی کەلاریش ئەحمەد فەتاح ڕۆستەم (1929- 1974) بووە، کە هەندێکجار خۆپیشاندانەکان گرژی تێکەوتووە و شەڕە داروبەردی لێکەوتوتەوە. ئەم گۆڕانکارییانە وایکردووە کە بنەماڵەی بەگزادەی جاف، بە تایبەت داوود بەگی جاف (1905- 1966) ڕوو لە ئێران بکەن و لەوێش ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان بگێڕن، بە تایبەت سەرداری کوڕی داوود بەگ، کە بەرپرسیارێتی باڵای لە دەرباری شاهەنشایی ئێراندا پێ سپێردراوە.

حیزبی شیوعی لەپاش دامرکانەوەی کەفوکوڵی خۆپیشاندانەکانی پاش شۆڕشی (14ی تەموز)، توانیان لە کەلار و دەوروبەریدا دەست بەسەر بەشێك لە ناڕەزاییەتیەکاندا بگرن و ئەندام و لایەنگری زۆر بۆ خۆیان کۆبکەنەوە. پێشهاتە سیاسییەکان وایکردووە حیزبی شیوعی چەندان بارەگا بۆ چین و توێژەکان، بە تایبەت جووتیاران بکاتەوە. لە کەلار بارەگای شبیبەیان کردووەتەوە، کە هەریەك لە شێخ عەتای تاڵەبانی (1925- 2000) و ئەحمەد فەتاح ڕۆستەم ڕۆڵی سەرەکییان تێدا گێڕاوە و لەگەڵ پارتی کەوتوونەتە ململانێ و شەڕەوە. لە هەناوی ئەم شەڕ و ململانێیانەدا لە ناوچەی شێروانە بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتخوازانی جیهانی چالاکییان نواندووە و بانگی سەرجەم چین و توێژەکانیان کردووە بۆ ئاشتی و دوور کەوتنەوە ل هشەڕ و ململانێیەکان.

پارتی وەك حیزبێکی نەتەوەی توانیویەتی لەپاش گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە سۆڤێیەت دەست بە چالاکی بکەن. لە کەلار و دەوروبەری لەپاش ساڵی (1959)، بەخێرایی ڕێکخستەکانی پارتی دەستیان بە گەشەکردن کردووە، هەر ئەمەیش وایکردووە لە کەلار و باوەنور بارەگاکانی خەبات بکرێنەوە، کە عەلی حەمدی (1918- 1966) ڕۆڵی زۆری لە زیادبوونی ئەندام و لایەنگری ئەو حیزبەدا هەبووە. لە ساڵی (1959) بارەگای خەبات لە کەلار دەکرێتەوە، عەلی سەلیم بەگ دەکرێتە بەرپرسی بارەگاکە. بە چالاکبوونی پارتی لەگەڵ حیزبی شیوعی دەکەونە ململانێ و چەند شەڕێك لە نێوان هەردوو لادا ڕوویداوە. لەپاش ئاڵۆزبوون و تێکچونی پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتەکەی قاسم، سەرئەنجام بەشی زۆری ئەندام و لایەنگرانی پارتی دەستگیرکراون و بارەگاکانی خەبات داخراون و سەردەمێکی تازەی شەڕ، لە نێوان هەردوو لادا لە ساڵی (1961)دا دەستیپێکردووە.

## پەراوێزەکان

1- رادیۆ پاتری: ئەم جۆرە رادیۆیە لە چلەکاندا گەیشتوەتە کەلار، سەرەتا ئەم رادیۆیە بە پاتریی تەڕ کاری دەکرد و پێویستیان بە بارگاویکردنەوە هەبووە، بۆیە هەموو ماڵێك ئەو رادیۆیەیان نەبووە. لە ساڵی (1944)دا شەوکەت بەگی ئەحمەد بەگ رادیۆیەکی تەڕی هەبووە لەکەلاردا کە خەڵکی بۆ دەنگوباس شەوانە گوێیان لێگرتووە (نەریمان، 1994، ل77)، بەدوای ئەمیشدا خالید بەگی ڕەزا بەگ رادیۆیەکی تری هێناوەتە کەلار، بەڵام کە پاتری وشك پەیدا بوو، بەکارهێنانی رادیۆ ئاسانتر و زۆرتر بووە. رادیۆ کاریگەری زۆری لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا، لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا هەبووە، بە تایبەت لەڕووی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە (شاکەلی، 2012، ل115- 116 ؛ کەلاری، 2020، بەرگی یەکەم، ل116).

2- ئەحمەد فەتاح ڕۆستەم (1929- 1974): لە کەلار لەدایکبووە، تاوەکو پۆلی سێی سەرەتایی لە قوتابخانەی کەلار خوێندوویەتی، هەر زوو تێکەڵی کاری سیاسی بووە، سەرمەشقی خۆپیشاندانەکانی کەلاری پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز بووە، پاشتر لە ساڵی (1959)، پەیوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی شیوعییەوە دەکات و ماوەی ساڵ و نیوێك لە کەرکووك زیندانی دەکرێت، لە ساڵی (1965)هوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ، باڵی سەرکردایەتی (مەلایی)، کردووە و لەو پێناوەدا، تووشی گرتن و زیندانی دەبێت لە لایەن باڵی مەکتەبی سیاسیەوە (جەلالی)هوە. لە شەڕێکدا لە نزیك خانەقین کوژراوە.

هەرچەندە کەسوکارەکەی باس لەوە دەکەن لە (24ی شوباتی 1975) کوژراوە، بەڵام بە پێی بەڵگەنامەی مردنەکەی بێت لە (1ی تەموزی 1974)دا لە دنیا دەرچونەکەی تۆمارکراوە. (فەتاح، 2020، چاوپێکەوتن ؛ حجة وفاة، 1978، العدد 17).

3- سەرکار: کاریان کۆکردنەوەی ئەو باجانە بووە کە لە جووتیار و وەرزێرەکان وەردەگیرا، واتا سەرکار لەکاتی دروێنەی دانەوێڵەدا دەچوونە سەر خەرمانی جووتیارەکان و خەمڵاندنیان بۆ دەکرد لە هەر دە وەزنە لە دانەوێڵە یەك وەزنەی بۆ بەگزادە بووە، واتا دە یەك (محەمەد، 2020، بەرنامەی tv) .

4- سەرچاوەکان لە بارەی ژمارەی خاوەن موڵك و دەرەبەگەکانەوە کە ئاوارەی ئێران بوون جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، هەندێك باس لە (5) هەزار کەس دەکەن، سەرچاوەی تریش هەیە ئاماژە بۆ (20) هەزار کەس دەکات (علو، 2006، ص169).

5- سەردار جاف (1937- 2005): کوڕە گەورەی داوودبەگە لە کەلارلەدایکبووە، لە قوتابخانەی کەلار دەستی بە خوێندن کردووە و بۆ ئەو مەبەستە رووی لە لوبنان کردووە، لەپاش شۆڕشی تەمووز روویان لە ئێران کردەووە و بۆخوێندن چووەتە تاران، لەوێ عەلی قازی- کوڕی قازی محەمەد دەناسێت، ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو مریەمی (1945- 2020) کچی قازی محەمەد پێکهێناوە و لە ساڵی (1972) یەکەمین منداڵیان بەناوی داوود لەدایکبووە، لە ساڵی (1969)دا توانی لە تاران ماستەر لە زانستە سیاسییەکاندا بەدەست بهێنێت، بەپێی فەرمانی محەمەد رەزاشا، سەردار جاف لە دەرباری شادا دەکرێتە هاوڕێی شا و راوێژی پێکراوە، پاشتر کراوەتە سەرۆکی تەشریفاتی شاهەنشاهی بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (جاف، 2012، ص320 ؛ شریف، 2019، ل188) .

6- شێخ عەتای تالەبانی (1925- 2000): کوڕی شێخ جەمالی کوڕی محەمەد عەلییە، بە شێخ عەتای تاڵەبانی ناسراوە، لەکەرکووك دەستی بە خوێندن کردووە و لە قوناغی ناوەندی، بەهۆی مردنی باوکییەوە وازی لە خوێندن هێناوە. ئەندامی حیزبی هیوا بووە لە گەرمیان، ماوەیەك ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە ساڵی (1947)هوە لە رێگەی موکەڕەم تاڵەبانی برا گەورەیە دەبێتە ئەندام لە حیزبی شوعیدا، لەو رێگەیەدا چەند جارێك گیراوە، لەپاش شۆرشی تەمووز رۆڵی چالاك دەبینێت لە ریزەکانی حیزبی شوعیدا و دەکرێتە بەرپرسی ناوچەی کفریی حیزبی شیوعی. لە ساڵی (1972) بووەتە سەرۆکی شارەوانی کفری، دامەزرێنەری لقی کوردستانی کۆمەڵەی هیوای عێراقی بووە، لە 4ی مایسی2000 بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە (طالباني، 2010، ص الاخيره).

7- مەلا سلێمان زەماوەنگەیی (1930- 2005): بەپێی رەگەزنامە عێراقیەکەی بێت ناوی فەقێ سلێمان حسێن حەسەنە، هەرچەندە نووسراوە لە ساڵی (1927) لەدایکبووە، بەڵام پاشتر لەدایکبوونەکەی راستکراوەتەوە کە ساڵی (1930)یە، لە مزگەوتی کەلاردا دەستی بە خوێندن کردووە، دووجار ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، لە ساڵی (1956) بەدواوە لە مزگەوتی گوندەکانی وەك سەییدخەلیل و گۆبان و زەماوەنگە پێشنوێژی کردووە، لە ساڵی (1977) بەپێی بەڵگەیەکی فەرمی لە گوندی زەماوەنگەی سەر بەقەزای کەلار بە موچەی (20) دینار وەك ئیمام و وتارخوێن دادەمەزرێت، لە رێگەی مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانیەوە لە ساڵی (1953) هوە دەچێتە نێو رێکخستنەکانی حیزبی شیوعییەوە، چەند جارێك زیندانی کراوە و ماڵەکەیشی لە ساڵی (1963)دا تاڵانکراوە، لە (5ی ئەیلولی 2005) لە کەلار کۆچی دوایی کردووە (جنسية العراقيه، 1978، رقم الشهادة 179098 ؛ سلێمان، 2021، چاوپێکەوتن ؛ هوية الموطفين، 1977، رقم البطاقة 319) .

8- بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی جیهانی: لەپاش جەنگی جیهانی دووەمەوە و بۆ رێگریکردن لە دووبارە بەرپابوونی جەنگێکی تریماڵوێرانکەر، لە لایەن زاناتی فیزیایی فەرەنسیەوە فریدریك جولی کوری (Frederic Joliot-Curie) (1900- 1958)هوە بیرۆکەی ئەم بزووتنەوەیە هاتەکایەوە، لە ساڵی( 1948)دا لە پۆڵەندە یەکەمین کۆنگرەی رۆشنبیرانی جیهان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لە جیهاندا بە بەشداری (500) ئەندام گرێدراوە، محەمەد مەهدی جەواهیری (1899- 1997) وەك عێراقییەك لەو کۆنگرەیەدا بەشداریی کردووە (الحسناوي، 2018، ص10-13). بەپێی بەڵگەنامەیەکی پاشایەتیی عێراق، کۆمەڵەیەك بەناوی کۆمەڵەی نیشتیمانی بۆ داکۆکیکردن لە ئاشتی وەك لقێکی بزووتنەوەی ناوبراو دامەزراوە (الحسناوي، 2018، ص33). بەم شێوەیە لە (تەمووزی 1950)دا، لە بەغدا لیژنەی ئامادەکاری بە سەرۆکایەتی جەواهیری پێکهات و هەریەکە لە عەبدوڵڵا گۆرانی شاعیر و محەمەدئەمین زەکی بەشدار بوونە، لە شاری هەولێر لە ساڵی (1951)، لە سلێمانی لە کۆتاییەکانی ساڵی (1952)، لە شاری کەرکووکیش هەر لە سەرەتای پەنجاکان لێژنەی ئاشتیخوازانیان تێدا دامەزراوە (قادر، 2008، ل151، 155-157) .

9- بارەگای خەبات: پێش ئەوەی پارتی دیموکارتی کوردستان مۆڵەتی فەرمی کارکردن وەربگرێت، لە بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستان بە ناوی رۆژنامەی خەباتەوە بارەگای کردوەتەوە، لە بارەگای خەبات کاری رێکخستن و کۆبوونەوەکانی پارتی دەکرا لەگەڵ ئەنجامدانی چالاکییەکاندا، کە وتراوە بارەگای خەبات هەموو کەس زانیویەتی ئەوە بارەگای پارتییە و خەباتیش ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە (رەشید، 2017، ل196) .

10- عەلی سەلیم بەگ (1918- 1989): عەلی سەلیم ئەحمەد، بەپێی رەگەزنامە عێراقیەکەی ئەوەی تێدا هاتووە کە پێشتر خاوەنی رەگەزنامەی عوسیمانی بووە، لە خورمال لەدایکبووە ولەپاش مردنی باوکی دێنە کەلار، تاقوناغی ناوەندی خوێندویەتی و پاشتر واز لە خوێندن دێنێت و روو لە کاری کشتوکاڵکردن دەکات، ئەندامی چالاکی لقی کەلاری پارتی هیوا بووە، لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێدا رۆڵی هەبووە و لەم رێگەیەدا چەند جارێك بەند کراوە، لەناو باخچەی ماڵەکەیدا لە کەلار بۆمبێکی بۆ دادەنرێت و پێیدا دەتەقێتەوە و بەو هۆیەوە بریندار دەبێت، پاشتر دەبرێتە نەخۆشخانەی بەعقوبە، لە (10ی تشرینی یەکەمی 1989) گیان لەدەست دەدات، لە بەڵگەنامەی مردنەکەیدا نووسراوە بەهۆی شکانی لاقی چەپ و لەکارکەوتنی گورچیلەکانیەوە دڵی وەستاوە (جنسیة العراقیة، 1971، رقم شهادة 236586 ؛ بەگ، 2020، چاوپێکەوتن ؛ قید وفاة، 1989، رقم 199845) .

11- حەبیبە کەریم بەگی جاف (1924- 1997): حەبیبە خانمی کەریم بەگی جاف لە کەلار لەدایکبووە و لەناو خەڵکیدا بە حەبەخان ناسراوە، لە قوتابخانەی کەلار خراوەتە بەر خوێندن لە یەکەمین دەستەی کچان دەبێت لەسنورەکە خوێندبێتی لە ساڵی(1959)دا کەبارەگای خەبات لە کەلار کراوەتەوە حەبەخان لە سنووری ئەو ریکخراوەدا کاری کردووە، بە تایبەت لە کاری نهێنی و رێکخراوەییدا، ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ مەحموودی رەزا بەگی ئامۆزایدا پێکهێناوە، کە هاوسەرەکەی چوەتە ریزی شۆرشی ئەیلولەوە ناچار بووە کەلار بەجێبهێڵێت و بچێتە گوندێکی نزیکی کەلار، لەسەر کاری رێکخراوەیی حەبەخان لەلایەن پۆلیسی ناحیەی قەرەتەپەوە دەستگیر دەکرێت لەسەر کاری نهێنی بۆ پارتی، حەبەخان دەستی نووسینی شیعریشی هەبووە، لە (11ی تەمووزی 1997) لە کەلار کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی کەلاری کۆن بەخاك سپێرداوە (کەلاری، 2010، ل17 ؛ باوەڕ، 2017، ل136- 143) .


## لیستی سەرچاوەکان

یەکەم : بەڵگەنامەکان

ا – بڵاونەکراوەکان :

1. (1971)، الشهادة الجنسة العراقیة، علی سلیم احمد، رقم الشهادة 236586، التاریخ 1971/1/29 :السلیمانیة.
2. (1977)، الدائرة ملاحضیة قسم اوقاف السلیمانیه، هویة الموظفین، الاسم :فقي سلیمان حسین، رقم البطاقه 319، تاریخ الاصدار 1977/9/1 :السلیمانیة.
3. (1978)، الجمهوریة العراقیة، وزارة العدل، محکمة الاحوال الشخسیة في کلار، حجة وفاة :احمد فتاح روستم، العدد (17)، التاریخ 1978/1/22 :کلار.
4. (1978)، الشهادة الجنسة العراقیة، فقی سلیمان حسین حسن، رقم الشهادة 179098/ب، التاریخ 1978/10/1 :السلیمانیة.
5. (1989)، الجمهوریة العراقیة، وزارة الصحة وشؤون الاجتیماعیة-الاحصاء الصحي والحیاتي، صورة قید وفاه :علي سلیم احمد، رقم الشهادة (199845)، التاریخ 1989/10/8 :کلار.

ب – بڵاوکراوەکان :

– بەزمانی عەرەبی

1. الاعظمي، وليد محمد سعيد، (1989)، ثورة 14 تموز وعبدالكريم قاسم في الوثائق البريطانية، الطبعة الاولى، طبع الدار العربية :بغداد.
2. البوتانى، عبدالفتاح علي، (2020)، من ارشيف جمهورية العراقية الاولى :حوادث الموصل وكركوك وتداعياتها 8أذار 1959 -14 تموز 1959، من منشورات الاكاديمية الكردية :اربيل.

دووەم : پەرتووك بەزمانی ئینگلیزی

1. Arfa ,Hassan ,(1966) ,THE KURDS An Historical And Political Study ,OXFORD UNEVERSTY PRESS :London.
2. Dann ,Uriel ,(1969) ,IRAQ UNTER QASSEM A Political History ,1958 -1983 , Published in Israel by Israel Universities Press :Jerusalem.

سێیەم :پەرتووك بەزمانی عەرەبی

1. بطاطو، حنا، (1995)، العراق الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، ترجمة :عفيف الرزاز، الكتاب الاول، مؤسسة الأبحاث العربية :بيروت.
2. الزبيدي، ليث عبدالحسن، (1981)، ثورة 14 تموز 1958 في العراق، الطبعة الثانية، منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد.
3. طالباني، جلال، (1970)، كردستان والحركة القوميه الكردية، الطبعة الاولى، منشورات الجريده النور :بغداد.
4. علو، سعيد خديدة، (2006)، **العلاقات العراقية الإيرانية وأثرها في القضية الكوردية في العراق 14 تموز 1958 - 8 شباط 1963**، دار سبيريز للطباعة والنشر: دهوك.
5. عمر، شيركو فتح الله، (2004)، الحيزب الديمقراطي الكردستاني وحركة التحرر القومي الكردية في العراق 1946 -1975، الطبعة الاولى، المديرية العامة للطباعة والنشر:السليمانية.
6. كريم، حبيب محمد، (1998)، تاريخ الحيزب الديمقراطي الكردستاني –العراق في محطات رئيسة 1946 -1993، مطبعة خەبات :دهوك.
7. واخرون، جليلي جليل، (2012)، الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة : د.عبدي حاجي، الطبعة الثانية، مؤسسة موكرياني للبحوثوالنشر:اربيل.

چوارەم : پەرتووك بەزمانی فارسی

1. همكاران، محمد اللهيارى، (1391)، اطلس راهنما -11 پاوه در جنگ باضد انقلاب ودفاع مقدس، مركز اسناد وتحقيقات دفاع مقدس :تهران.

پێنجەم :پەرتووك بەزمانی كوردی

1. بارزانی، مسعود، (2012)، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد 1958 -1961، بەرگی دووەم :هەولێر.
2. جاف، خوسەرەو، (2013)، مێژووی هۆزی جاف، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی بەدرخان :هەولێر.
3. خەیالی، لوقمان، (2021)، عێراق لەسەردەمی پاشایەتی هاشمیدا 1921 -1958ز، پێداچونەوەی :عەدالەت عەبدوڵا، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ :سلێمانی.
4. سەجادی، عەلائەدین، (2005)، شۆڕشەكانی كورد وە كورد و كۆماری عێراق، ئامادەكردن و لەچاپدانەوەی :ئەحمەد موحەممەدی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئەتڵەس چاپ :تاران.
5. شاكەلی، محەمەد، (2003)، گەرمیان رابردووی نزیك و ئاینده، پێداچوونەوەی :دلێر میرزا، چاپخانەی كارۆ :سلێمانی.
6. شەریف، عومەر عەلی، (2019)، 100 ناوداری كەركووك وگەرمیان، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ :سلێمانی.

7. عزیز، سوهێل، (2015)، مێژووی ناوچەی گەرمیان چینە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە سیاسییەکانی نێوان ساڵانی (1870 -1970)، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد :سلێمانی.
8. عەلی، م.، (2013)، عەلی حەمدی.. سمبولی کوردایەتی، زنجیرە کتێبی گۆڤاری کۆچ :سلێمانی.
9. عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان، (2019)، حیزبی شوعی عێراق ومەسەلەی کورد 1934 -1975، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
10. کەریم، عومەر شەریف، (2010)، شەڕی قاتەکانی کفری لەنێوان داستان و قارەمانێتیدا، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی رۆشنبیری وراگەیاندنی لقی 22ی گەرمیانی (پ.د.ك)، چاپخانەی کوردستان :سلێمانی.
11. کۆچێرا، کریس، (2007)، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، وەرگێڕانی :حەمەکەریم عارف، چاپی چوارەم، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوی ئاوێر :هەولێر.
12. لۆلۆ، جەمال، (2020)، ڕەشماڵ راگوزەرێك بەناو کارو چالاکی و بەڵگەنامە و وێنەکانی داود بەگی فەتاح بەگی جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد :بێ شوێنی چاپ.
13. مام خول، رەفیق رحمان، (2013)، مستەفا بارزانی ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا 1958 -1970، پێشەکی :دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب :هەولێر.

شەشەم : پەرتووکی یادداشت و بیرەوەری

ا – بەزمانی کوردی

1. پشدەری، رەفیق، (2002)، کورد دوژمنی خۆت بناسە، بەرگی دووەم :بێ شوێنی چاپ.
2. پشدەری، عبداللە احمد رەسووڵ، (1992)، یادداشتەکانم، بەشی یەکەم، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی :بەغدا.
3. رەشید، سەلاح، (2017)، مام جەلال دیداری تەمەن –لەلاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ :سلێمانی.
4. قادر، محەمەد مەلا، (2007)، خەباتنامە کورتە مێژووی پارتی و کلتووری بارزانی نەمر، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس :هەولێر.
5. کەلاری، حسێن، (2020)، ئامێتە، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاسیا :سلێمانی.
6. نەریمان، مصطفی، (1994)، بیرەوەری یەکانی ژیانم، دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی :بەغدا.
7. وەلی، محەمەدی حاجی، (2017)، پشکم لەکوردایەتیدا، چاپخانەی بینای :سلێمانی.

ب – بەزمانی عەرەبی

1. طالبانی، الشیخ عطا، (2010)، ذكريات ايام النضال في كوردستان، الطبعة الاولى، مطبعە ئارا :سليمانية.

حەوتەم : نامەی ئەکادیمی (بڵاونەکراوە)

ا – ماستەر بەزمانی عەرەبی

1. الحسناوي، علي برزان عطار، (2018)، حركة أنصار السلام في العراق 1954 -1963، رسالة تقدم إلى مجلس كلية التربية للعلوم الانسانية جامعة ذي قار- وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في التاريخ المعاصر : ذي قار.

هەشتەم : دەستنووس

1. دەککەیی، مەلا ئەحمەدی، (1986)، کەشکۆڵی مەلا ئەحمەدی دەککەیی 1927 -1967، لەسەر نوسین و ئامادەکردنی :محەمەد مستەفا حەمەبۆر، ئەرشیفی :مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی :بەغداد.

نۆیەم : گۆڤارەکان

1. (1959)، بانگی ئاشتی بۆ دانیشتوانی ناوچەی شێروانە، هەتاو، ژمارە (155).
2. باوەڕ، ئەحمەد، (2017)، ژنە جافێك لەکەلارەوە :حەبیبە خانی کەریم بەگی جاف 1924 -1997، رامان، ژمارە (243).
3. دەلۆ، حسێن ئیسماعیل خان، (2019)، ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی (1945 -1963)، کۆنفرانسی زانکۆی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت.
4. شاکەلی، ئەمجەد، (1997)، خوێندنەوەیەکی نوێی 14ی تەموزی 1958ی عێراق، رابوون، ژمارە (22).
5. قادر، مهدی محمد، (2008)، رۆڵی کورد لەبزوتنەوەی ئاشتیخوازان لەعێراقدا 1950 -1958، مێژوو، ژمارە (6).

دەیەم : رۆژنامەکان

ا – رۆژنامە بەزمانی عەرەبی

1. (1954)، من كفري، صوت الاهالي، العدد (262).
2. (1958)، المراسيم الجمهورية، رقم (1)، مرسوم جمهوري، الوقائع العراقية، عدد (1).
3. (1960)، احتفال رائع في باوەنور مركز ناحية بيباز بمناسبة افتتاح مكتب خەبات، مراسل خەبات في كفري، خەبات، العدد (154).

ب – رۆژنامە بەزمانی فارسی

1. (1345)، فقدان يك شخصيات بزرك كرد، خاك وخون، شماره (87).
2. (1357)، سالار جاف از دستگیری تا اعدام، كيهان، شماره (10653).

ج – رۆژنامە بەزمانی کوردی

1. (1958)، تاقی یەکەم لەوەفدەکانی کوردستان، پێش کەوتن (التقدم)، ژمارە (2).
2. باوەڕ، ئەحمەد، (2020)، بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی –لەناوچەی شێروانە و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك 1959، خانەقی، ژمارە (91 -92).
3. کەلاری، جوتیار، (2010)، یادئانینەوە حەبیبەخانی شۆڕشگێڕ، خەبات، ژمارە (3818).

یازدەیەم : بەرنامەی تەلەفیزیۆنی

1. محەمەد، فەیسەڵ (2020)، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد حاجی وەلی –پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول لەگەرمیان، بەشی یەکەم، ڕۆژی پێشکەش کردن (2020/9/13)، تەلەفزیۆنی nrt :سلێمانی.

دوازدەیەم : چاوپێکەوتن

1. ئەبوکاروان، هاوڕێ، (2020/11/28)، سلێمانی.
2. بەگ، حسێن عەلی، (2020/9/27)، کەلار
3. جاف، د.حەسەن ، (2020/9/15)، هەولێر.
4. جاف، د.حەسەن، (2021/1/29)، هەولێر.
5. جەوهەر، سەعید، (2020/11/2)، کفری.
6. حەمۆمین، حسێن، (2020/10/1)، کەلار.
7. دارای داوود بەگ، (2020/9/19)، هەولێر.
8. سلێمان، هەژار فەقێ، (2021/1/20)، ڕزگاری.
9. شاتری، حاجی حەسەنی حاجی قادری، (2020/9/4)، کەلار.
10. شاکەلی، شێخ محەمەد، (2020/11/25)، گوندی سەعدئاوا – ڕزگاری.
11. فەتاح، هێرش ئەحمەد، (2020/9/29)، کەلار.
12. کەماڵەیی، لالەفایەقی، (2020/5/1)، کەلار.
13. مەحمود، مامۆستا ساڵح حاجی، (2020/10/2)، کەلار.

سیازدەیەم : پێگەی ئەنتەرنێت

1. جاف، سەروەت، (2016)، داودبەگی فەتاح بەگی جاف، https://jafftribe.com/KU/single-jaff-leader.php. (accessed :29-1-2021).